# پەروەردە و فێرکردن

**گۆڤارێکی پەروەردەیی وەرزییە وەزارەتی پەروەردەی**
**حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات**
**ژمارە ( 5 ) ساڵی** 2010


## تێبینی بۆ نووسەرانی بەڕێز ....

ئەو تۆژینەوەو لێکۆڵینەوانەی ڕەوانەی ئەم گۆڤارە دەکرێن پێویستە ئەم خاڵانەیان ڕەچاو کرابێت:

- بە خەتێکی جوان و شاش لەسەر ڕووی یەك لاپەرە نووسرابێت، ئەگەر کۆمپیووتەر کرابێت پێویستە (سیدی) لەگەڵ بێت.
- ئەگەر وەرگێڕان بێت پێویستە دەقی بابەتە ئەسڵییەکەی لەگەڵ بێت و ئاماژە بە سەرچاوە کرابێت.
- ڕێنووسی کوردی تێدا ڕەچاو کرابێت ئەگینە گۆڤارەکە ڕێنووسەکەی یەك دەخات.
- ناوو ناونیشانی تەواوی نووسەری لەسەر نووسرابێت.

**پەروەردە و فێرکردن**


**خاوەنی ئیمتیاز**
**سەفین موحسین دزەیی**

**سەرنووسەر**
**ئەحمەد محەمەد قەرەنی**



**ناونیشان**

هەولێر ـ وەزارەتی پەروەردە

تەلەفۆن:

سەرنووسەر : 2230135

بەداڵە: 2233084

2233085

فاکس: 2230471

ئیمەیڵ:

**moe@web-sat.com**

# لـەم ژمـارەیـەدا

* ڕێژەی خوێندنی ئافرەتان..............ئا: وشیار حەمەد حاجی و بەشدار عەبدولخالق خدر 3

*مامۆستای کارامە و پیشەیی ..................................ئا: کەوکەز حوسێن عەزیز 28

* کتێبخانەی قوتابخانە......................................ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی ژیرۆ 55

* پرۆژەیەك بۆ پێداچوونەوەی سیستمی نوێی خوێندن ...................محەمەد هادی دزەیی 87

* ڕابەرێ هاریکار بۆ مامۆستایێن زمانێ ئینگلیزی ........................ئا: ڕەشید تەیب 108

* ئەرك و مافەکانی مامۆستا ................................ و: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی133

* بەکار هێنانی دراما و شانۆ .................................ئا: کامەران حاجی ئەلیاس 150

* ڕەنگ لە هونەری شێوەکاریدا .....................................ئا: پەروەردەو فێرکردن 154

**ئەو بەرهەمانەی کە لەم ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە، وەزارەت لێیان بەرپرسیار نییە**

## وتەی ژمارە....

**پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا گەیشتووەتە قۆناغبەندێکی گشتگیرو هەستیاری تێکچێژراو بە کۆمەڵە سستمێکی کارگێڕی و تەکنیکی و سەرپەرشتیاری ئەوتۆ کە کۆکردنەوەیان لە ڕێبازێکی یەکگرتووی هاوسەنگدا، پێویست بە دیدێکی گەییوو گەشبین دەکات. بڕوای بەو تواناو پێویستیانە هەبێت کە لە وڵاتدا هەن و شایستەی هەڵگرتنی ئەم بارە قورس و ئەرکە پیرۆزەن.**

**دیدگەی گەیو ئامانجە باڵاکان دادەڕێژێت، شێوازی جێبەجێکردنیشیان بنەماکانی فەلسەفەیەکی پەروەردەی نیشتمانی دەستنیشان دەکات و نەخشەڕێی سستمێکی نوێی وەزارەتی پەرەردە دەخاتەڕوو کە ناکرێت دەقاودەق لەگەڵ یاساکانی پەرلەمانی کوردستان و کارنامەی شەشەمین کابینەی حکوومەتی هەرێم هاوجووت نەبێت.**

**لە ڕووی پرەکتیزەکردنیشەوە هەر لایەنێکی پەروەردەیی ـ ڕەوشتی یان فێرکردنی ـ کارامەیی بەو زانستەوە بەستراوەتەوە کە تایبەتە بە تەکنیکی نوێی خودیئەو لایەنەوە ... کەواتە هەموو بەشە زانستی و مرۆییەکانی کۆلێژەکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمدا ناوندی پاڵپشت و تەواوکار دەبن بۆ بوارە جیاجیاکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەقۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی ئامادەیی، کە وێستگەیەکی هەرە گرنگی فێرکارییە لەنێوان وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە لایەکەوە، لە نێون وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەگەڵ بازاڕی کار لە لایەکی دیکەوە.. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر لایەنێکی تەکنیکی لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا لە ڕووی دانانی بنەما هزرییەکان و دەرکردنی ڕێنماییەکانی کارکردن و چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕگە هەمە چەشنەکان و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانیان ڕاستەوخۆ لەو زانستەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە یەکێك لە ناوندەکانی هەرێمدا گەڵاڵە دەبێت و گەشە دەکات.**

گەشەکردنی زانستیش لە وڵاتدا پێوەرێکی باوەڕپێکراوە کە ئاستی پێدانی کارامەیی دەداتە بازاڕی کارو دەرگەی وەرگرتنی قوتابییە ئامادەکراوەکانیش واڵا دەکات، بۆ ئەوەی ڕێڕەوی پێشکەوتن بەردەوام بێت و سیستمی پەروەردەیش ببێتە ئەڵقەی بەستنەوە لە نێوان کۆمەڵ و زانکۆکاندا.

دەستەبەرکردنی هاوسەنگی لە هەر هەنگاوێکی پەروەردەییدا لەسەرەتایەکی ساکارەوە دەست پێدەکات، بەڵام حیکمەت لەوەدایە کە چۆن بە تونێلە ڕووناک و چەسپاوەکاندا دەڕوات و ئامانجە نزیکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات.

بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە هەموو هەنگاوەکانی دیکەی پەروەردەییشدا بەشێوەیەکی زانستی بپارێزرێت و پاراستنەکەیشی بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بەردەوام ببێت، پێویستی بەکارێکی بەرنامەڕێژی توکمە هەیە، کە جەخت لەسەر چۆنیەتی پێوەندیکردنی بەشەکانی پرۆسەکە بکرێت، پتر لەوەی کە هەر لایەنێك وەك ناوەندێکی سەربەخۆی ئەکتیڤ کاربکات.

بەگەڕخستنی توانا داهێنانەکانی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و شارەزایان لەپاڵ بەشداری پێکردنی دایك و باوکانی خەمخۆری قوتابیان خوێنێکی نوێی پاك دەبەخشێتە گیانی هاوسەنگی کارەکان، کە لایەنەکانی پلاندانان و پرۆگرامەکانی خوێندن و تەکنەلۆژیای پەروەردەیی و بەهێزکردنی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایان لە وانەگوتنەوەداو ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونیان یەك دەگرنەوە.

دیکۆمێنت کردنی هەنگاوەکانی ئەم ڕێبازە زانستییە ئەرکی هەرە پێشینەی گۆڤارەکەمانە (پەروەردەو فێرکردن) کە لەم ژمارەیەدا جەخت لەسەر ئەم بابەتانە کراوەتەوە:

- کۆکردنەوەی نوێترین هەنگاوەکانی پەروەردە و فێرکردن لەگەڵ ڕەسەنایەتیی کولتوورێکی نەتەوەییمان و ئاوێتەکردنیان لەنێو سیستمێکی پێشکەوتوودا کە مامۆستایان بە ئامەزرۆییەوە تێدا کاربکەن و قوتابیانیش بە شەوقەوە وەربگرن و بەیەکگەیشتنی هەردوو لایەن لە خاڵێکی دەستنیشانکراودا، بنەماکانی قوتابخانەیەك دادەمەزرێن کە نەوەیەکی نوێی هۆشیار دەربچوێنێت توانای دروستکردنی پاشەڕۆژی خۆی هەبێت. لەنێوان دەستپێك و ئەنجامەکانی ئەم سیستمەدا قۆناغێکی درێژ هەیە، بەڵام وێستگەکانی بەکورتی لەنێو بابەتی (فێرگەی دوارۆژ)دا شی کراونەتەوە.

- بایەخدان بە هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامی خوێندن هەوڵدانێکە بۆ ڕاست ڕاگرتنی هاوکێشەی پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لەنێوان قوتابی و ناوەندەکانی خوێندندا،

بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێبازی تازەی تۆژینەوە خراونەتەڕوو، کە بەشێوەیەکی زانستی لە گرفتەکانی هەڵسەنگاندن دەکۆڵنەوە.

ـ پرۆگرامەکانی خوێندن کۆڵەگەیەکی سەرەکییە لە پرۆسەی فێرکردندا، ئەم جارەش جەخت لەسەر ناساندنی کتێبەکانی زانست کراوە کە هەردوو قۆناغی (1ـ9)ی بنەڕەتی و قۆناغی (10ـ12)ی ئامادەیی زانستی دەگرێتەوە. لەم بابەتەدا تیشك خراوەتە سەر پرۆگرامی زانست بۆ هەموان کە پرۆگرامێکی جیهانییە و کۆمپانیای هارکۆرتی ئەمریکی سەرپەرشتی دەکات، کتێبەکانی سەرجەم لقە زانستییەکانی وەك (زیندەزانی، کیمیا، فیزیا) لەخۆ دەگرێت، کە ئێستا لە قوتابخانەکانی هەرێمدا دەخوێندرێن.

ـ تۆژینەوەیەکی مەیدانی لەبارەی دابەزینی ئاستی زانستی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە و قوتابخانەکانی هەولێر بە نموونە وەرگیراون و بە ژمارە و خشتە زانیارییەکان خراونەتەڕوو و هەوڵی شیکردنەوەیشیان دراوەو لە کۆتاییدا بە چەندین دەرئەنجام و پێشنیاری بەپێز دەوڵەمەند کراوە.

ـ بۆ دەستنیشانکردنی نوێترین شێوازەکانی فێرکردن، ڕێگەی فێربوونی هەرەوەزی وەکو سیستمێکی نوێ لەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە، بۆئەوەی مامۆستا بەڕێزەکان گەلێ لە کێشە هەنوکەییەکانی وانەوتنەوە چارەسەر بکەن بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندی بەزانیارییە نوێیەکان و بیناکردنی کەسێتی قوتابییەوە هەیە.

ـ چەندین بابەتی دیکە لەبارەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی مامۆستا و دیارکردنی ئەرك و مافەکانی و ئامادەکردنی ڕابەرێکی تایبەت بە تاقیکردنەوەکان و بابەتێك لەبارەی ڕێکخستنی کتێبخانە و چۆنیەتی پۆلێن کردنی کتێبەکان، سەرەڕای دوو بابەتی دیکە لەبارەی ناساندنی کتێبێکی پەروەردەیی و ڕۆڵی مامۆستا لە کەتواری ئەمڕۆی عێراقدا...

داواش لە مامۆستا بەڕێزەکان و پسپۆرە پەروەردەییەکان دەکەین کە گۆڤارەکەیان بە بابەتی ئەکادیمی و تۆژینەوەی هەڵسەنگاندن و پێشنیازە زانستییەکان دەوڵەمەند بکەن.

**سەرنووسەر**

# کتێبخانەی قوتابخانە وەك پاڵپشتێکی پرۆگرامەکانی خوێندن

## بەشی دووەم

ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی ژیرۆ

### شوێن و کەلوپەل و پۆشتەییەکانی دیکەی کتێبخانەی قوتابخانە

کتێبخانەی قوتابخانەکانیش پرۆژەیەکی پەروەردەییو زانستیو ڕۆشنبیرییە، پێویستی بە ڕۆڵی پەروەردەو زانستو ڕۆشنبیری هەیە، بۆیە دەبێت لەناو نەخشەو پلانو ڕەنگرێژی تەلاری قوتابخانە یان خوێندنگەکەدا پلانو نەخشەیەکی زۆر وردو زانستییانەی لەپێشینەی بۆ بکرێت. بۆ ئەوەی ڕۆڵی تەواوو ڕاستەقینەی خۆی لەپرۆسەی فێرکردنو پەروەردەیی ئەو خوێندنگەو قوتابخانەیەدا ببینێت. ئەو وردەکارییانەی کە لە پلانو ڕەنگرێژی پێشینەی کتێبخانەی قوتابخانەکاندا

دەکرێن لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا گرد دەکرێنەوە:

## یەکەم: شوێن

جێگەو شوێنی کتێبخانە بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە، نەك هەر سەبارەت بەکتێبخانەکانی قوتابخانەکان، بەڵکو بۆ هەموو جۆرەکانی کتێبخانەکانی دیکەیش بایەخێکی گرنگی هەیەو لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەدا رۆڵی سەرەکی دەبینێت. بۆیە پێویستە لەکاتی هەڵبژاردنی جێگەو شوێن بۆ کتێبخانەدا لە هەموو کارو فرمانو خزمەتگوزارییە تایبەتییەکانی کتێبخانە لەبەرچاو بگیرێنو بەهەند وەربگیرێن، چ لە کتێبخانەی قوتابخانەکانو چ لەجۆرەکانی دیکەی کتێبخانەکاندا بێت. لەکاتی هەڵبژاردنی شوێن بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکان کۆمەڵە مەرجو ئەگەرێکمان هەن، کە پێویستە هەموویان بەتەواوی پەنجەیان لەسەر دابنرێتو لەو شوێنەدا بێنە دی کە بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکە دەستنیشان دەکرێت و، دەتوانین لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا چڕیان بکەینەوە:

* دەبێت شوێنی کتێبخانە بکەوێتە ناوەڕاستی تەلاری قوتابخانە،یان خوێندنگەکەوە، بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی ئەو قوتابخانەیە، بەئاسانی دەستیان بیگاتێ و هەموویان بتوانن لەخزمەتگوزارییەکانی سوودمەند بن.

* ئەگەر تەلاری ئەو قوتابخانەیە یان خوێندنگەیەك لەچەند نهۆمێك پێکهاتبوو، دەبێت کتێبخانەکە لەنهۆمی خوارەوە، واتە لەنهۆمی سەر زەوی بێت.

* دەبێت شوێنی کتێبخانە لەسەرچاوەی دەنگەدەنگو ژاوە ژاوەوە دوور بێتو هەموو پێداویستییەکانی پشوو و هێدیو هێمنیو بێ دەنگی بۆ دابین بکرێت.

* دەبێت هۆکارەکانی تەندروستی تەواوی تێدا دەستەبەر بکرێن، ئەگەرو مەرجەکانی هەواگۆڕکێی باشو فێنك کەرەوەو گەرم کەرەوەو تۆڕی کارەبایی تەواوی تێدا بێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت هەم لەبارەی رووناك کردنەوەو هەم لەبارەی بەکار هێنانی ئامێرەکانی دیکەی کارەباوە بەتایبەتی بەکارهێنانی کۆمپیووتەرو ئینتەرنێتەوە گونجاو بێت.

* دەبێت هۆکارەکانی پارێزگاریو چاودێریو سەرپەرشتیاری بۆ دەستەبەر بکرێت.

* دەبێت ڕووناکی تەواوی بۆ دابین بکرێتو دەبێت هەوڵ بدرێت تیشکی ڕاستەوخۆی ڕۆژی بەر نەکەوێت، بەتایبەتی ژووری کتێبو چاپکراوەکان.
* دەبێت شوێنەکەی وابێتو لەکاتی پێویستدا لەڕووی ئاسۆییەوە بواری فراوانکردنەوەی هەبێت.
* دەبێت زەوی ناو کتێبخانەکە بەگشتی داپۆشراو بێت، بۆ ئەوەی بە سەریدا ڕۆیشتیت تەقە تەق و دەنگە دەنگ ڕوو نەدات و هێمنی بپارێزێت.
* دەبێت دیوارەکانی بەبۆیەی جوانو سەرنجڕاکێش بۆیاخ بکرێنو پەنجەرەکانیش هەموویان پەردە پۆشن بنو ڕەنگی جوانو سەرنجڕاکێشیان هەبێت.

تا ئێستا لەوڵاتی ئێمەدا گەورە ترین کێشەو ئاستەنگ لەبەردەم کتێبخانەی قوتابخانەکاندا بریتییە لەنەبوونی شوێن، واتە لەقوتابخانەو خوێندنگەکاندا تەنیا هۆدەیەکیش بۆ کتێبخانە نییە. باشترین چارەسەریش بۆ ئەم کێشەو تەنگژەیە بەدوو هەنگاو چارەسەر دەکرێت:

1ـ دروست کردنی لایەنی کەم دوو هۆدە لەناو حەوشەی قوتابخانە، یان خوێندنگەکاندا بۆ کتێبخانە. ئەمە لەو تەلارانەی پێشتر دروست کراونو شوێنی کتێبخانەیان بۆ تەرخان نەکراوە.

2ــ دیاریکردنی شوێنی کتێبخانە بەهەموو پێداویستییەکانیەوە لە کاتی نەخشەڕێژی پرۆژەی دروست کردنی قوتابخانەو خوێندنگە تازەکان لە کاتی ئێستەو لەداهاتووشدا.

## دووەم: ڕووبەری کتێبخانەی قوتابخانە

لەکاتی نەخشەڕێژی بۆ ڕووبەری کتێبخانەکە دەبێت کارو فرمانەکانی کتێبخانەکەو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشیان دەکات، هەروەها ژمارەی ئەو سوودمەندانەی کە ڕوو دەکەنە کتێبخانەکەو شێوەو قەوارەی ئەو کەلوپەل و ناوەڕۆکەی کە پێویستە کتێبخانەکە هەیبێت گشتیان لەبەر چاو بگیرێنو بەهەند وەربگیرێن. لەم بوارەدا گەلێك یاساو ڕێساو پێوانە بۆ دانانو نووسینو دەستنیشانکردنی ڕووبەری مەبەست بۆ کتێبخانەکە دانراون و دەکرێت لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا گردیان بکەینەوە:

ڕووبەری شوێن یان جێگە بۆ سوودمەندان:

أـ پێوانەکانی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی قوتابخانە کە لەساڵی(1970) دەرچووە، ئاماژە بەوە دەکەن کە بڕی ڕووبەری شوین بۆ یەك قوتابی بریتییە

لە(25/ 2م2). ئەم پێوانەیانەش بە (10/1) لەکۆی قوتابیانی قوتابخانەکان کە سوود لەکتێبخانەکە وەردەگرن خەملێنراوە. جا ئەگەر گریمان کۆی قوتابیانی قوتابخانەکە بریتی بێت لە(1000) قوتابی، ئەوە ئەو کات ڕووبەری دیاریکراو بۆ سوودمەندان لەکتێبخانەکەدا بریتی دەبێت لە(10/1×1000×2/25=225)م2 .

هەروەها ئەم پێوانانە ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕووبەری پێویست بۆ بەڕێوەبەریەتیو کارگێڕیو خزمەتگوزارییە هونەریو کتێبخانەییەکان 4٪ی ڕووبەری گشتی کتێبخانەکە دەگرن.

ب ـ بەڵام ڕاپۆرتی کارینجی کە لەساڵی 1936 دەرچووە، ئاماژە بەوە دەکات لای کەمی ڕووبەری پێویست بۆ یەک قوتابی دەکەوێتە نێوان سێ مەتر تا سێ مەترو نیوی چوار گۆشە(م2).

ج ـ بەڵام لۆسیل فارگۆ لەکتێبەکەیدا بەناوی (کتێبخانەی قوتابخانە library School) ئاماژە بەوە دەکات کە ڕووبەری پێویست بۆ یەک قوتابی بریتییە لە2/20م2: ئەمەش لەگەڵ پێوانەکانی کۆمەڵەی کتێبخانەکاندا یەک دەگرێتەوەو لێوەی نزیکەو بۆ ئەو قوتابخانانەی کەکۆی قوتابیانی لە(500) قوتابی پتر نین، بەڵام ئەو قوتابخانانەی کە ژمارەی قوتابیانی لە(500)قوتابی پترن دەبێت بڕی ڕووبەری ئەو کتێبخانەیە بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە بێت:

کۆی قوتابیانی 10٪×2/20= 225/00 م2. ئەگەر بێتو کۆی قوتابیانی قوتابخانەکە(1000) قوتابی بن ئەوە ڕووبەری ئەو کتێبخانەیە دەبێت 225/00 م2بێت. 1000×1×2/25= 225/00م2.

د ـ بەڵام پێوانەکانی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئەمریکی ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕووبەری پێویستو مەبەست بۆ یەکەی کتێبخانەی قوتابخانە یەکسانە بە(2/25)م2.

هـ ـ لەم یاساو ڕێساو پێوانانەی کە خستمانە ڕوو بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی زۆریان لەسەر ئەوە کۆکن کە لایەنی کەمی ڕووبەری پێویست بۆ یەک قوتابی بریتییە لە2/25م2.

نهاد عبدالمجید الناصری لەنامیلکەکەیدا (رسالة المکتبات المدرسیة) کە لەساڵی 1963 چاپی کردووە، کاتێک لەدیوانی وەزارەتی معاریف بەڕێوەبەری کتێبخانە گشتییەکانو قوتابخانەکان بووە، هەر

چەندە سەرچاوەیەکی کۆنە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێگەو سوودی زانستییانەی تەواوی خۆی هەیەو زانیارییەکانی بریتین لەزانیارییە بەراییەکانو لەم بوارەدا بەردی بناغەن، چونکە زانستو زانیاری کۆن نابێت، بەڵام هی تازەو سەردەمیانەی دەچێتە سەر، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕووبەری جێگەی سوودمەندان لەکتێبخانەی قوتابخانەکاندا دەستنیشان کردووە و دەڵێت:

1ـ شتێکی سەرەتاییو بەڵگە نەویستە کە هەندێك بنەماو کۆڵەکە هەن دەبنە هۆی دەستنیشانکردنی ڕووبەرو قەوارەی کتێبخانەو بە سروشتی خۆیو واقیعی ئێستە بەکۆی قوتابیانو خوێندکارانی ئەو قوتابخانەوە بەندن.

2ـ بەو کۆمەڵە کتێبو چاپکراوانەوە بەندە کە چاوەڕوان دەکرێت لەکتێبخانەکەدا هەبن.

بنەما گشتییەکان دەسەلمێنن کە بۆ هەر خوێندکارێك (25) پێی چوار گۆشەمان دەوێت. ڕێژەی کورسییەکانی ئەو کتێبخانەیەش 10/1 کۆی قوتابیانی تۆمار کراون لەقوتابخانەکەدا. جا لە قوتابخانەیەکدا ئەگەر(500) قوتابیمان هەبێت، ژمارەی ئەو کورسییانەی کە پێویستن بریتی دەبن لە(50) کورسی. لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە شوێنێکی گونجاو بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکە ئامادە بکەین کە ڕووبەرەکەی لەسنووری (1250) پێی دوو جا بێت.

ئەگەر شوێنێکی گونجاو بۆ کتێبخانەی قوتابخانە نەبێت تا بکرێتە بنکەو بارەگای ئەو کتێبخانەیە، بەتایبەتیش لەقوتابخانەکانی گوندو لادێکاندا، ئەوە دەتوانرێت یەکێك لە پۆلە گەورەکان وەك هۆڵێك تەرخان بکرێت، لەکاتی بەتاڵیو بێ ئیشیدا کتێبی تێدا بخوێنرێتەوە، یان لەبەشە وانەکان کە پێوەندییان بەکاروباری کتێبخانەوە هەیە، بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت، ئەویش بە هێنانی ئەو کتێبانەی کە لە دۆلابەکانی ژووری بەڕێوەبەرو ژووری مامۆستایاندا هەن. کە ئەو مامۆستایە، یان لیژنەی کتێبخانە، کە باش وایە لە هەموو قوتابخانەو خوێندنگەیەکدا ئەم لیژنەیە پێکبهێنرێت، ئەگەر کتێبخانەی سەربەخۆی تەواو لەقوتاخانەدا نەبوو، ئەو کتێبو سەرچاوانە لەسەر مێزێك لەپۆل دابنێنو داوا لەقوتابیان بکرێتو هانیان بدەن بۆ ئەوەی بەگوێرەی ویستو ئارەزووەکانی خۆیان سەرچاوەیان لێ هەڵبژێرنو

بیانخوێننەوەو زۆریان لێ نەکرێتو گەر ئارەزوویان لێ بێت لەخواستنی کتێبو سەرچاوەکان ئازاد بکرێن(15).

## ڕووبەری شوێنی ناوەرۆکی قوتابخانە

ناوەرۆکی کتێبخانە چەندان شێوەو جۆری جیاجیای تێدایە کەکتێبو چاپکراوە جۆربەجۆرەکان، هەیانە قەوارەیان بچوکەو هەشیانە گەورەیە، لەشێوەشدا کتێبو چاپکراو هەیە ئاساییە هەروەها هەندێکی دیکە بریتین لەکتێبو سەرچاوەو ژێدەری گرنگ گرنگو چاپکراوە زنجیرەییەکانو نەخشەو هۆکارەکانی بیستنو بینین وەك فیلم و کاسێتە ڤیدیۆییەکان، کاسێتە دەنگییەکانو بەرنامەکانی کۆمپیووتەر و سیدی ڕوومەکان (CD ROM) و هی دیکە. هەر یەکێك لەم جۆرو شێوانە ڕەفتەو دۆلابی تایبەتی خۆی دەوێت. بۆیە دەبێت لەکاتی نەخشەدارشتنی ڕووبەری کتێبخانەکە قەوارەی ئەو مژادانە بزانرێت کە کتێبخانەکە پێویستی پێیان هەیە، دەبێت بۆ هەر جۆرو شێوەیەك لەکاتی نەخشەرێژیو دروستکردنی کتێبخانەدا لایەنی کەمی بتوانرێت بۆ ماوەی پێنج سالْ سوود لە ڕووبەرەکە وەربگیرێت، لە ڕێکەوتی دەست پێ کردنی ئەو کتێبخانەیەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەسوودمەندانی خۆی.

بۆ دانان و خەملاندنی ڕووبەری پێویست بۆ ناوەرۆکی کتێبخانەکە لەکتێبو چاپکراوەکان، ڕێساو پێوانەیەکی زۆر لەم بوارەدا کۆکراونەتەوە، بۆ داکردنو هەڵگرتنی(40) کتێب پێویستت بەڕووبەری یەك م2 هەیە. کەواتە بۆ داکردنو هەڵگرتنی (120) کتێب پێویستت بەیەکەیەك واتە دۆلابێك هەیە، کە هەر یەك دۆلاب لەسێ ڕەفتە پێکهاتبێت. دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت لەناو کۆگەی کتێبو چاپکراوەکاندا کە دۆلابەکان لەیەك دەدەن، پێویستە تیشکی ڕۆژیان بەر نەکەوێت، چونکە کتێبو چاپکراوەکان خراپ دەکاتو ئەنجام هەڵدەوەرن.

ڕووبەری شوێنی فەرمانبەرانو خزمەتگوزارییە هونەرییەکان کە بریتین لەپرۆسەی پۆشتە کردنو پێرستو پۆلین کردنو پۆشتەکردنی مژادەکانی کتێبخانە هەمیشە بە30ــ 40٪ لەڕووبەری گشتی کتێبخانەکە دەخەملێنرێت.

## سێیەم: کەلوپەل و ڕایەخ لەکتێبخانەی قوتابخانەدا

ڕایەخ و کەلوپەلـەکان لەکتێبخانـەی قوتابخانەدا بریتییە لـەتوخمێکی گـرنگ لەتوخمەکانی کتێبخانەی قوتابخانە، بۆیە ئـەدەبیات و ڕێـساکانی کتێبخانـەکانی قوتابخانەکان بایـەخێکی زۆر بەڕایـەخ و کەلوپەلەکانی کتێبخانە دەدەن. بۆ ئـەم مەبەستەیش چەندین مەرجیان داناوە کە دەبێت لەیەکەی ڕەفتەکاندا هەبن، بە بێ ئـەو مەرجانـە پەسـەند نییـە، ئـەم مەرجانەیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

1ـ ئاسـان بـەکار هێنـان و توکمـەیی و پتەوی.

2ـ بتوانرێت بەئاسانی هەڵ گیرو داگیر بکرێت و لە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دیکە بگوێزرێتەوە.

3ـ پێویستە جوان و سـەرنجراکێش بـن و ڕەنگی گونجاوو لەباریان هەبێت.

4ـ دەبێت لـەڕووی بـەرزی و گونجانیـان لەگـەڵ قۆناغـە جیاجیاکـانی تەمـەنی قوتابییاندا گونجاوو لەبار بن.

## کەلوپەلەکان

کەلوپەلی کتێبخانـە هەیـە لـەدارو تەختەو هەیە لەکانزا دروسـت کـراون، هەر کامێك بن چاکی و خراپـی خۆیـان هەیە، جا لەهەر کامێکیان بێت دەبێت ئاسان و فرەوان و پتەوو سـەرنجراکێش و گونجـاو بێـت و بەئاسـانی بهێنرێـت و ببرێت.

لـــــــەکاتی هەڵبـــــــــژاردن و دەستنیشانکردن و کڕینی کەلوپەلەکاندا پێویستە ئەم کارانەی خـوارەوە ڕەچـاو بکـرێن و پـشت بـەم زانیارییانـەی خـــوارەوە دەبەســـتن (چـــەندایەتی و چـــۆنیەتی و قـــەوارەی نـــاوەڕۆکی کتێبخانەکە و تەمەن و بەژن و بـاڵای قوتابیـــان) ئەمـــەش زانیـــاری و کاروبارەکانن کە لـەم چـەند خاڵانـەی خوارەوەدا خۆ دەنوێنن:

1. چەند ڕەفتەی یەك ڕووت پێویستە؟
2. چەند دۆڵابی دوو ڕووشت دەوێن؟
3. دەستنیشانکردنی ژمـارەی ڕەفتـە پێویـستەکان لەهـەر پێوانەیـەك لـە پێوانـە گونجاوەکـان لەگـەڵ قوتابیـان و منـداڵان و بـەپێی قۆنـاغ و تەمەنـە جیاجیاکان.
4. کام ڕەنگ بۆ ڕەفتـەکان گونجـاوە ، ئایا ئەمە پشت بـەڕەنگی دیوارەکـان و پەنجـەرەکان دەبەسـتێت، واتـە: ئایـا بەگوێرەی ڕەنگـی دیـوارو پەنجـەرەکان

ڕەنگی ڕەفتەکان هەڵ دەبژێررێن تا ببنە تاقم، یان بەپێچەوانەوە؟

أـ بەڵام سەبارەت بەپێوانەی ڕەفتەکان لەچەند پێوانەیەکدا هەڵ دەبژێررێن کە پێویستە درێژی یەك ڕەفتە لە نێوان(90ــ100) سم بێت و قوڵییەکەیشی 20سم بێت، بەڵام دەبێت لایەنی 210سم بەرز بێت ئەویش بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی قوتابیان.[16]

باشتر وایە دۆلابی کتێبی کتێبخانەی قوتابخانە سەرەتاییەکان لەدارو تەختە دروست بکرێن، لەبەر ئەوەی نرخەکەی هەرزان ترەو ئاسانتریش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چ لەلایەن قوتابیان و چ لەلایەن کارمەندانی کتێبخانەکەوە بێت.

دەبێت ئەوپەڕی بەرزی دۆلابەکان سەبارەت بەقوتابخانە سەرەتاییەکان بگاتە(4)پێ، بەم پێیە دەبێت ژمارەی خانەکانی ئەم دۆلابە بریتی بن لەسێ خانە، بەمەرجێك دووری خانەو خانەیەکی دیکە لەیەك پێ پتر نەبن. درێژییەکەشیان لەسێ پێ پتر نەبێت ، ئەستورییەکەشی لە یەك (ئینج) پتر نەبێت، قوڵییەکەشی لە(7) ئینج پتر نەبێت وەکو لەسەرەوە بەپێوانەیی سانتیمەتر ئاماژەمان پێ کرد .[17]

ب ـ کورسیو مێز.

قەوارەو شێوەی مێزەکان بەگوێرەی درێژی قوتابیانو خوێندکاران دەگۆڕێت، شێوەو قەوارەی مێزو کورسییەکان هەر چۆنێك بێت پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تێدا بێت:

1ـ پتەویو قایمی.

2ـ ئاسانیو فرەوانیو سەرنجڕاکێشی.

3ـ گونجانو ئاسان بەکارهێنان.

4ـ پێویستە کورسییەکان بۆ لەسەر دانیشتن خۆشو گونجاو بن ، لەپێشەوەڕا بۆ دواوە بەبڕی پێنج پلە لار بن.

5ـ سەبارەت بەمێزەکانیش دەبێت ڕوو تەختەکان، یان کانزاکانی سفتو نەرمو لووس بن بۆ ئەوەی بەئاسانی پاك بکرێنەوە.

6ـ دەبێت ڕەنگەکانیان لەگەڵ ڕەنگی دیوارو ڕەفتەو پەردەو پەنجەرەکاندا یەك بگرێتەوە.

دەبێت بەرزی کورسییەکان لە(16) ئینج پتر نەبنو باشتریش وایە لەدارو تەختە دروست بکرێن، یان لەهەر کەرستەیەکی دیکە کە لەو وڵاتەدا دەست بکەون.

بەڵام سەبارەت بەمێزەکان پێویستە لاکێشی بنو لەقەوارەی هەمە جۆردا بن، هەیانە جێگەی چوار کورسی واتە قوتابی خوێنەر دەبێت بە

پێوانەی(60×40)سم، هەشیانە جێگەی شەش کەس دەبێت بەپێوانەی(83×40)سم، هەیانە جێگەی هەشت کورسی دەبێت بەپێوانەی(110×40)سم. دەکرێت ئەو کتێبخانانەی کە جێگەیان تەسکە مێزی تاك کەسی بە پێوانەی 2×3پێ بەکار بهێنن ، بەمەرجێك بەرزی مێزەکان لەزەویەوە لە(26) ئینج پتر نەبن.

دووری نێوان مێزێك لەوی دیکەوە پێویستە(60)سم بێت، دووری نێوان ئەو مێزانەی کە هاوتەریبن لەگەڵ ڕەفتەکانو ڕەفتەکان خۆشیان(40)سم بێت، بۆ ئەوەی کارمەندانو کارگوزارانی کتێبخانەکە بەئاسانی بتوانن بەنێوانیاندا بێنو بچن.[18]

3ـ کەلوپەلەکانی دیکە:

بریتین لەکۆمەڵە کەلوپەلێکی دیکەی پێویست وەك: سندووقی پێڕستەکان، مێزو کورسی، مامۆستای کتێبخانە، یان بەرپرسی کتێبخانەکە، پیشانگەی کتێبو چاپکراوو گۆڤارەکان، هۆکارەکانی گەرم کردنو فێنك کردنەوەو ڕووناکی و کۆمەڵێك وێنەو دیمەنی جوان کە بە دیوارەکاندا هەڵدەواسرێن. دەتوانین ئەم کەلوپەلانە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

1. پێڕستەکان: ئەگەر ئەو کتێبخانەیە شێوازی ئاسایی لەپێڕست دروست کردنو پۆلین کردنی ناوەرۆکدا بەکارهێناو کۆمپیووتەری بەکار نەهێنا، ئەوە دەبێت سندووقێك، یان چەند سندووقێکی هەبن کارتی کتێبەکان بە پێڕستی دانەران (نووسەران)و ناونیشانی کتێبو چاپکراوەکانو بابەتەکانیان تێدا بپارێزرێن، هەروەها بۆ پێڕستی پۆلین کراو. بەڵام ئەگەر ئەو کتێبخانەیە تەکنۆلۆژیای تازەی تێدا بەکار هات، واتە سیستمی کۆمپیووتەری بەکار بهێنێت، ئەوە بەلایەنی کەمەوە دەبێت ئامێرێکی کۆمپیووتەری بۆ ئەمینداری کتێبخانەکە هەبێت، تا کاروباری کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی و کارە هونەرییەکانی پێ هەڵسووڕێنێت ، یەکێکی دیکەیش بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری خواستنو پێدان، بەلایەنی کەمەوەش دوو ئامێری دیکەی کۆمپیووتەر بۆ سوودمەندان هەبن تا بتوانن بە هۆیانەوە بۆ سەرچاوە بگەڕێن بۆ توێژینەوەو بەدواداچوونو گەڕاندنەوەی ئەو کتێبو چاپکراوە خوازراوانەی بۆ ناوەوەو دەرەوە خوازراون، ئاماژەیش بەگەڕانەوەو خواستنیان بکرێت.

2. هـەڵگری فەرهەنگـە گـەورەکان : دەکرێت ئەو هەڵگرانە دوو جۆر بن:

أـ وەك عەرەبانەیـەك بـۆ هـەڵگرتنو گواستنەوەی ئـەو فەرهـەنگو کتێبـە گەورانـە لـەکاتی هـاتنو داگرتنیـانو گواسـتنەوەیان لەشـوێنێکەوە بـۆ شوێنێکی دیکـە لـەناو کتێبخانـە یـان قوتابخانەکەدا.

ب ـ دۆلاب : بۆ هـەڵگرتنو پاراسـتنی ئەو فەرهەنگو کتێبـە گەورانـە لـەناو کتێبخانەدا.

3. هەڵگری ڕۆژنامەکان.

4. ڕەفتەی چاپکراوە وەرزییـەکان: ئـەم ڕەفتانەش چەند شێوەو جۆرێکیان هەیە. هەیانە تەنیا بۆ خستنە ڕوو، هەشیانە بـۆ پاراسـتنو خـستنە ڕووی نـوێترین ژمارەکانی ساڵێك یان پتر لەو چاپکراوە وەرزییانەی کـە لـە گۆڤـارو چـاپکراوە وەرزییەکانەوە دێن.

5. عەرەبانە بۆ هەڵگرتنو گواستنەوەی ئـەو کتێـبو چـاپکراوانەی کـە بـۆ کتێبخانـە دێـن، یـان ئـەو کتێـب و چـاپکراوانەی کـە لـە سـوودمەندانەوە دەگەڕێنەوە دوای خواستنیانو گەڕانـەوە بۆ شوێنە تایبەتییەکانی خۆیـان لەسـەر ڕەفتەکانی کتێبخانەکە.

6. کۆگەیـەکی لـەبار کـە چـەند ڕەفتەیەکی لەخۆ گرتبێت بـۆ پاراسـتنی شریتی ڤـیدیۆو کاسـێتەکانی دیکـەو مژادە تـوێ تـوێ و فیلمـە ڕوونـەکان ئەگـەر هـەبن، لەگـەڵ بەرنامـەکانی کۆمپیووتـەرو سـیدی ڕوومـەکان (CD ـ ROM) .

7. تەلـەفزیۆنو ئـامێری ڤیـدیۆ بـەگوێرەی ئـەو کاسـێتانەی بەکارهاتوون.

8. ڕیکـۆردەر بۆگـوێ گـرتن لـەو کاسـێتانەی دەنگیـان لەسـەر تۆمـار کراوە.

9. ئامێری کۆمپیووتەر کـە ئـامێری خوێندنەوەیان پێوە بەستراوە، بۆ بـەکار هێنانی بەرنامەی دەنگی ROMـ CDو MULTIM EDIA ی وێنـەیی بەیەکـەوە واتـە: ڕەنگـیو دەنگی.

10 کۆگەیەك بۆ پاراستنی دۆسێکان.

11. یەکە تاکییەکان بـۆ توێژینـەوەو لێکۆڵینـەوە بـۆ بـەکارهێنانی تـاکی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە.

12. پەیژەیەك بە دوو پلە یان سێ پلە بۆ ئاسانکردنی کاروباری بەکارهێنانی کتێب و چـاپکراوەکان هـەبێت، واتـە داگـرتن و گێڕانـەوەی کتێـب و چاپکراوەکان لـەوەوە بـۆ سـەر ڕەفتـە بەرزەکانی ناو کۆگەی کتێبخانـە لـەو ڕەفتانەی کە دەستیان پێ ناگات.

13. تابلۆیەك بۆ تێدا هەڵواسینی بڵاوكراوەو ڕیكلامەكان.
14. چەندین پاڵپشت بۆ كتێبەكان.
15. ئامێرێكی كۆپی.

## ئامادە كردن و ڕێكخستنی كتێبخانەی قوتابخانە

بۆ ئامادەكردنی كتێبخانەی قوتابخانە، پێش هەموو شتێك پێویستە جیگەو شوێنێكی گونجاوو لەباری لەناو قوتابخانەكەدا بۆ دەستنیشان بكرێت، باشتریش وایە لەناوەڕاستی قوتابخانە، یان خوێندنگەكەدا بێت. بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن دەستیان بیگاتێو بەئاسانی سوودی لێ وەربگرن. هەرچەندە لەولاتی ئێمەدا تا ئێستەیش نەك جێگەی تەواوی بۆ دابین نەكراوە، بەڵكو ئەوەی بەخەیاڵیاندا نەهاتبێت و هەر بیریان لێ نەكردبێتەوە كتێبخانەكەیە كە ڕۆڵێكی گرنگی لە پەرەپێدان و گەشەپێدانو فرەوان بوونی بیرو مێشكی نەك هەر قوتابیان، بەڵكو مامۆستایانو گشت كارمەندانو ئەندامانی خێزانی قوتابخانەو خوێندنگەكاندا هەیە. بۆیە ئەو قوتابخانەو خوێندنگەیانەی كە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت تەلاریان بۆ دروست كراوە و حسێبی كتێبخانەیان بۆ نەكردووەو هەر هەموویان بەدەست نەبوونی جێگەو ڕێگەوە دەناڵێنن، نەك هەر بۆ كتێبخانە، بەڵكو بۆ پۆلەكانیشیان. بۆیە باش وایە ئەو قوتابخانەو خوێندنگەیانەی شوێنیان نییە لەناو حەوشەی قوتابخانەكەدا جێگەو شوێنیان بۆ دروست بكرێتو ئەوانەیش تازە نەخشەی تەلاریان بۆ دادەڕێژرێت، پێویستە شوێن و جێگەی كتێبخانەشیان بۆ دەستنیشان بكرێت.

ئەو شتانەیش كە بیریان لێ دەكرێتەوەو پێویستە بیریان لێ بكرێتەوەو پێویستە پێشەكی پلانو بەرنامەیان بۆ دابڕێژرێت، بریتین لەمانەی خوارەوە:

1 ـ شوێن، ئەوەی باس كرا.
2ـ بەرپرس یان ئەمینداری كتێبخانەی قوتابخانە.

دوای ئەوەی شوێن بۆ كتێبخانەكە دابین كرا، ئەم جار دەبێت بۆ هەڵسووڕاندنو ڕێكخستنی كتێبخانەكەو پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكانی كتێبخانە بە ئەندامانی خێزانی ئەو قوتابخانەو خوێندنگەیە ئەمیندار، یان بەرپرسێك بۆ كتێبخانە دەستنیشان بكرێت.

ئەگەر پسپۆری قوتابخانە نەبوو، باشتر وایە كەسێك دابنرێت چ

مامۆستا بێت، یان فەرمانبەر شارەزایی هەبێت و بەڕاستی کەیفی بەکتێبو کتێبخانەو خوێندنەوە بێت . پێویستە ئەو ئەمینداری کتێبخانەیە هەروەکو گوتمان شارەزایی تەواوی هەبێتو توانای کارکردنی لە هەڵسووڕاندنو ڕاپەڕاندنی کارە هونەریو خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەکەدا هەبێت، لە ڕووی پێڕست نووسینو پۆلین کردنو ئامادەکردنی پێڕستەکان، کە بە دەست و بە کۆمپیووتەر دەنوسرێن و دەبێت لە چالاکییەکانی دەرەوەی قوتابخانەکە هاوبەشی بکات و کاریگەری تەواوی لە بەکارهێنانی کتێبخانەکە هەبێت، واتە بۆ بەکارهێنانی کتێبخانەو سوود بەخشین بە سوودمەندانی.

## کارامەییو پسپۆریەتی بەرپرس یان ئەمینداری کتێبخانەی قوتابخانە

پێویستە بەرپرس یان ئەمینداری کتێبخانە پسپۆرایەتی لەکاروباری کتێبخانەدا هەبێت. لەبواری زانستی کتێبخانەکەدا بڕوانامەی هەبێت و باشتر وایە ئەم بڕوانامانە، یان پسپۆرییانەی خوارەوەی هەبێت:

1 ـ دبلۆمی باڵا، یان لەزانستی کتێبخانەکانو زانیاریەکاندا و زانکۆی تەواوکردبێت.

2 ـ دبلۆمی مامناوەندی لەزانستی کتێبخانەکاندا هەبێت.

3 ـ پسپۆریو شارەزایی لەبواری کتێبخانەکاندا هەبێت، کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت[19].

بەڵام بەداخەوە لەوڵاتی ئێمەدا، ناوی کتێبخانەکان هەر نەبیسترابوو چ جای پسپۆری لە زانستی کتێبخانەکاندا، مەگەر لەم یەك دوو ساڵانەدا وردە وردە بەرگوێیان کەوتبێت.

دەکرێت ئەمیندارێکی جێگیر بۆ ئەمینداری کتێبخانەکە هەبێتو پێویستە ئەو ئەمیندارە لە کاروبارە هونەریو کارگێڕییەکاندا توانای تەواوی لەهاریکاری کردنو یارمەتیدانی ئەمینداری کتێبخانەی قوتابخانەکە هەبێت ، لەکاتی لەماڵ نەبوونی ئەمینداری کتێبخانەدا لەجێگەی ئەو بتوانێت هەموو کارو بارەکان ڕاپەڕێنێت، باشتر وایە ئەو جێگرە لەزانستی کتێبخانەکانو زانیارییەکاندا خوێندنی زانکۆی تەواوکردبێت، یان دبلۆمی مامناوەندی لە زانستی کتێبخانەکاندا هەبێت لەگەڵ شارەزاییو پسپۆری تەواو

لەبواری کار کردنو هاریکاری کردن لەگەڵ کتێبخانەکانی قوتابخانەو خوێندنگەکاندا.

بەڵام دەکرێت کارە سەرەکییەکانی ئەمیندار یان بەرپرسی کتێبخانەی قوتابخانە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا گرد بکەینەوە:

1ـ دانانی پلانو سیاسەتی کتێبخانە لەڕووی پۆشتەکردنو هەڵبژاردنی مۆادە کتێبخانەییەکانو خواستنو پێدانی کتێب لەکتێبخانەکەدا کە لەگەڵ پرۆگرامی قوتابخانەو بابەتەکاندا ڕێک بێت، کە لەو قوتابخانە یان خوێندنگەدا دەخوێنرێن.

2ـ هاوبەشیکردنو هاریکاریکردن لە چالاکییەکانی دەرەوەی پرۆگرامی خوێندن لە لایەن کتێبخانەکەوە، بۆ بەکاربردنو بەکارهێنانی وێستگەی قوتابخانەو گۆڤارەکانی دیوانو پێشبڕکێکانی خوێندنەوە.

3ـ هاندانی قوتابیانو مامۆستایانو وانەبێژان لەسەر بەکارهێنانی کتێبخانە بە ڕێگەگەلی هەمە چەشنەی گونجاوو لەبار لەگەڵ ئاستی قوتابییاندا.

4- ڕاگەیاندنی ئەو کتێبو چاپکراوانەو مۆادە کتێبخانەییانەی کە تازە بۆ کتێبخانەکە دێن.

5ـ ئامادەکردنو ڕێکخستنی پێشبڕکێ ڕۆشنبیرییەکان.

6- پێکهێنانی لیژنەی هاوڕێیانی کتێبخانە لە قوتابیانو مامۆستایانو تەنانەت هاوولاتیانی دەوروبەر بەتایبەت ڕۆشنبیران بۆ هاریکاریکردنو یارمەتیدانی ئەمینداری کتێبخانەکە.

7ـ پێوەندی کردن بە سەرپەرشتیارانو بەخێوکەرانی قوتابیانو خوێندکارانو کۆبوونەوە لەگەڵیانداو ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی کتێبخانە لەپاڵپشتیکردنو دەست بار گرتن لەگەڵ پرۆگرامی قوتابخانەکە.

## خەسڵەتەکانی بەرپرس یان ئەمینداری کتێبخانەی قوتابخانە

پێویستە ئەمینداری کتێبخانەی قوتابخانە ئەم خەسڵەتو مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێنە دی:

أـ مامۆستا یان وانەبێژێکی سەرکەوتوو بێت، لەڕووی پەروەردەییو دەرونییەوە پسپۆڕو شیاو بێت.

ب ـ شارەزاییو کارامەیی لە زانستی کتێبخانەکاندا هەبێتو لەبواری

کتێبخانـەی قوتابخانەکانـدا ڕاهێنـراوو مەشق پێ کراو بێت.

ج ـ ئارەزوویـەکی بـەهێزو تـەواوی هەبێتو بۆ کارکردن لەگـەڵ قوتابیـانو وانەبێژو مامۆستایاندا ئامـادەیی تێـدا بێت.

د- بـیرو مێـشك فـرەوانو زانـستو ڕۆشنبیرییەکی فرەوانی هەبێت.

هـ ـ لـەڕووی سەرچـاوەی زانـستو زانیارییە جۆر بەجۆرەکانەوە شارەزایی‌و ئاشنایەتی لەگەڵ پرۆگرامی قوتابخانـەو داخوازییەکانی قوتابخانەکەدا هەبێت.

و- چالاك بێتو کەسایەتییەکی بەرچاوو کاریگەری لەناو کۆمەڵدا هەبێت.

ز- لەبـەکارهێنانو کـار پێکردنـی کۆمپیووتـەرو تـەکنۆلۆژیای فێرکـردنو زانیارییەکاندا هەڵسوکەوتو شـارەزایی هەبێت.

ح ـ دەبێت بـۆ کـارکردن لەکتێبخانـەی قوتابخانەکەدا تەرخان بکرێـت و وانـەی پـێ نەگوترێتـەوە، یـان پـشکی وانەگوتنەوەی سووك بکرێت تا بتوانێت کاروبارەکانی کتێبخانەکە وەك پێویست ڕاپەڕێنێت.[20]

## ناوەڕۆکی کتێبخانە

مەبەستمان لە نـاوەڕۆکی کتێبخانـە کتێـبو چـاپکراوەکانو کەرەسـتە زانستی‌و ڕۆشنبیرییەکانی کتێبخانەیە. هـەموو لایـەك دەزانـن ئـەو هـەموو هەوڵو تەقەلاو ماندوو بوونو تێچوونو خەرجییەی لەپێناو کتێبو چاپکراوو کەرەسـتە ڕۆشـنبیرییەکاندا خـەرج دەکرێن بۆ خزمەتکردنو سـوودبینینی هاوولاتیانە.

بـۆ ئـەوەی کتێبخانـەی قوتابخانـە ببێتە ئامرازو دەزگەیـەکی ڕۆشـنبیری پەروەردەیی گونجاوو لـەبار، پێویـستە کۆمەڵێکی تـەواو کتێـبو چاپکراوو سەرچاوەی ژێدەری بۆ ئامادە بکـرێن. نەك تەنیا ژمارەیـەکی بـاش و بـەس، بەڵکو دەبێت ژمارەیەکی تـەواوی بـۆ ئامادە بکرێـت. بۆیـە پـێش هـەموو شتێكو لە یەکەمین هەنگاودا دەبێـت بیر لەوە بکرێتەوە ئایا چـەندە کتێـبو سەرچـاوەمان دەوێـتو دەبێـت بـڕی چـەندە کتێـبو ژێـدەرو مـژادە کتێبخانەییەکانی بۆ ئامـادە بکـەین. ئەوەی کـە هـەمووان لەسـەری ڕێکـن دەبێت بۆ هەر قوتـابی‌و خوێنـدکارێك کە لە تۆماری قوتابخانە تۆمار کـراون (4ــ5) کتێـب ئامـادە بکرێـت. بـۆ نموونە ئەگـەر قوتابخانەیـەك (1000) قوتابی هەبێت، دەبێـت(1000×4= 4000) کتێبو چاپکراوو سەرچاوەی زانیاری بۆ ئامادە بکرێت.

## جۆری ئەو کتێبو بابەتانەی کە پێویستە لەکتێبخانەکەدا هەبن

دیــاره دەبێــت نــاوەڕۆکی ئــەو کتێبخانەیە هەمە چەشنە بێت و هەموو لقو چڵو پۆپـەکانی زانسـتو زانیـاری مرۆڤایەتی لەخۆ بگرێـت، بـۆ هـەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی قوتابخانەکە بن. واتە هەمووان بتوانن بـە یەکـسانی ســوودی لێ وەربگــرن، لەگــەڵ چـاودێریکردنی لایـەنی پـەروەردەییو پاڵپشتیکردنی پرۆگرامی بڕیـار لەسـەر دراوی قوتابخانە، بەتایبەتی لەسەردەمی ئـەمڕۆی تـەکنۆلۆژیای کۆمپیوتـەرو ئینتەرنێتـدا. دەکرێـت جـۆرو چەشـنو شـێوەکانی ئـەو بابەتانـە لـەم چـەند خاڵانەی خوارەوەدا ڕوون بکەینەوە:

أـ کۆمەڵێك کتێبو ژێـدەر لەزانـستو زانیارییـە گـشتییەکان کـە بـریتین لەژێــدەرەکانی وەك فەرهــەنگ و ئەنـسکلۆپیدیا، ئەتلـەس، هـەروەها کتێبو سەرچاوەی ژیاننامەو مێـژوو و گەشـتو سـەفەرو زانـستو زانیـاریو هونەرەکانی ژیانو زانستی کۆمەڵناسیو ...تـاد. کـە هەمیـشە یارمـەتیو هاریکــاری ئەنــدامانی کۆمــەڵی قوتابخانەکان دەدەن بۆ پترکردنی زانستو زانیارییــە بڕیــار لەســەر دراوەکــانی قوتابخانە.

ب . کتێب و ژێدەرەکانی بواری هـزرو داهێنـان: کـە بـریتین لـە کتێـب و سەرچاوەی ئایین، فەلسەفەو هـۆنراوەو شانۆگەریو چیرۆكو داستانو ڕۆمان.

ج. کتێـب و سەرچـاوەی ئاسـوودەییو خـەمڕەوێنو خۆشـیبەخش هـەروەها حیکایـەتو گێڕانـەوەو گاڵتەوگـەپو کتێبـی نایـاب و وتـارو خوێندنـەوەی سـەرپێیی لـە گـشت بابەتـە جـۆر بەجۆرەکاندا.

د . کتێـبو سەرچـاوەی پاڵپـشت و دەسـت بـارگر لـەبواری پـەروەردەو فێرکردندا.

هـ . کتێـبو سەرچـاوەی زانـستی کتێبخانەو زانیارییەکان.

و . ڕۆژنامەو چاپکراوی وەرزی گشتی و تایبەتی و پسپۆری.

ز . کەرەستەو ئامرازی بیستنو بینین.

ح . کۆمپیوتەر و بەرنامەی گونجاوو ئینتەرنێت.

## ڕۆڵی ئەندامانی خێزانی کتێبخانەی قوتابخانە

شـتێکی ئاشـکرایە کـە خێـزانو کۆمـەڵی قوتابخانـە، یـان خوێندنگـە هـەموویان وێکـڕاو بەیەکـەوە هـەوڵ

دەدەن هەر یەکەو ڕۆڵو تایبەتیو گرنگی خۆیان هەیە، بۆ سەرخستنو گەیاندنی ئاواتو ئامانجو مەبەستەکانی قوتابخانەکە، بە هەموو بەش و لایەنو کەسەکانیەوە بەتاکو بەکۆمەڵ، بۆ سەرکەوتنی پلانو نەخشەی پەیڕەوو پرۆگرامی قوتابخانەکە. لێرەشدا هەوڵو کۆششو تەقەلاو ڕۆڵی هەر یەکێك لە ئەندامانی خێزان، یان کۆمەڵی کتێبخانەی قوتابخانە، یان خوێندنگە بە کتێبخانەو ئەمینداری کتێبخانەکەشەوە دەخەینە ڕوو:

**1ـ ڕۆڵی بەڕێوەبەرو کارگێڕی قوتابخانە:**

بێ گومان سەرکەوتنی کتێبخانەی قوتابخانە پێوەندی بەبواری چالاکیو زیرەکیو کارامەیی کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتی ئەو قوتابخانەیەوە هەیە، چەندە چالاکو خەمخۆرو بەتەنگەوە بێت، ئەوە سەرکەوتووترو چالاکترو لێهاتووتر دەبێت.ئەو بەڕێوەبەراتییەی کە ئامانجو نەخشەو پلانو سیاسەتەکانی ئەو کتێبخانەیە دادەنێتو بەدواداچوونی بۆ دەکات و کارەکانی ڕادەپەڕێنێت. هەرچەندە لایەنو کەسانێکی زۆر هەن و هەر کەس دەتوانێت لەلای خۆیەوە لە پرۆسەی دامەزراندنو گەشەپێدانو بەرەو پێشبردنی کتێبخانەکانی قوتابخانەکان وەك دامەزراوێکی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەروەردەو بەشە جیاجیاکانو بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕۆڵی گرنگو تایبەتیو کاریگەری خۆی هەبێت، ئەوانەش وەك بەڕێوەبەری قوتابخانەو ئەمینداریتی کتێبخانەکانی قوتابخانەکان، کەچی سەرەڕای ئەمانەش بەڕێوەبەری قوتابخانە خۆی ڕۆڵێکی تایبەتو کاریگەرو دیارو بەرچاوی لەم بوارەدا هەیە. بۆ ئەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانە وەك پێویست ئەم ڕۆڵەی خۆی بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی کتێبخانەی قوتابخانە ببینێت، لەبوارە جیاجیاکانی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەکەدا چاوەڕوانی چەند هەنگاوێکی گرنگی لێ دەکرێت. کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕیان بکەینەوە:

* لەبواری ئامانج و سیستمو پلانەکانی کتێبخانەکە: بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕۆڵێکی گرنگو کاریگەری هەیە، ئەویش لەڕێگەی نەخشەو پلان دانان بۆ ئامانجەکانی کتێبخانەکە، کە بتوانێت بەئاسانی بهێنرێنە دیو لەگەڵ تواناکانی ئەو کتێبخانەیە بەراورد بکرێتو لەسەرچاوەی ئامانجە پەروەردەییە گشتییەکانەوە

هەڵبهێنجرێن‌و هاوشانی یەکدی بن‌و هاوتەریبی یەکدی بن‌و هەرگیز یەکدی بڕ نەبن ، یەکێك لەئامانجەکانی ئەو کتێبخانەیە چاندنی حەزو ئارەزووی خوێندنەوەیە لە دڵی قوتابیان‌و خوێندکارانی قوتابخانە، یان خوێندنگەدا و پێویستی ڕاهێنان‌و مەشق پێ کرنی قوتابیان لە ڕووی بەکارهێنان‌و خوێندنەوەی ئەو کتێب‌و سەرچاوە زانیارییانەی لەو کتێبخانەیەدا هەن.

* پاڵپشتیکردنی پرۆگرامی قوتابخانە: یەکێکی دیکە لەئامانجەکانی کتێبخانە کە لەپاڵپشتیکردنی پرۆگرامی قوتابخانەکەیەو نەهێشتنی هەموو ئەو کەندو کۆسپانەیە کە خراونە بەردەم کتێبخانەکەو ئەوانەی سوودی لێ دەبینن.

* دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکە بە زانست‌و زانیارییەکان: ئەویش لەمیانەی زۆر کردن‌و پترکردنی بابەتەکانی کتێبخانەکە.

* ڕێکخستن‌و پۆلین کردن: واتە ڕێکخستن‌و پۆلین کردن‌و پێڕست نووسین‌و ئامادەکردنی کەرەستە زانیارییەکان‌و خستنە بەردەمی سوودمەندان لە قوتابیان‌و دەستەی مامۆستایان بەسووکترین و ئاسانترین شێواز. ئەویش لەڕێگەی زۆرکردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەوە.

* چاندنی نەریت‌و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی: لە کارە هەرە زۆر گرنگەکان چاندنی نەریت‌و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی‌و ڕەوشتی بەرزە لای قوتابیان.

* **بەشداری چالاکانە:** هەروەها پێویستە بەڕێوەبەری کتێبخانە لەدانانی سیاسەت‌و پلانی گونجاوی کتێبخانەدا بەشدارییەکی چالاکانەو زۆر بکات، هەموو لایەك دڵنیا بکاتەوە کە کتێبخانەکە بەگوێرەی ئەو نەخشەو پلان‌و سیاسەتە کار دەکات.

* **هاریکاری بەڕێوەبەر:** هەروەها پێویستە بەڕێوەبەری کتێبخانە لەگەڵ دەستەی مامۆستایان‌و وانەبێژان‌و ئەمینداری کتێبخانەکەدا بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بەشداری چالاکانە بکات، ئەویش لەمیانەی دامەزراندن‌و کردنەوەی کتێبخانەیەکی مەڵبەندی، یان ناوەندی لەقوتابخانەکەدا، یان دامەزراندنی ناوەندێك لەقوتابخانەکەدا بۆ سەرچاوەو ژێدەری زانیاری‌و ژێدەری فێرکاری شان بەشانی کتێبخانەکانی پۆل‌و کردنەوەی دەرگەی کتێبخانە لەڕووی قوتابیان‌و مامۆستاو وانەبێژان

لەکاتی دەوامی فەرمیو دوای دەوامی فەرمیش.

**2. هاریکاریو ڕۆڵی بەڕێوەبەر لەبواری شوێنو جێگەو کەلوپەلی کتێبخانەی قەتابخانەدا:** دەستنیشانکردنی شوێنو جێگەی کتێبخانەی قوتابخانە ئەرکی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیە. دەبێت ئەو شوێنەی کە هەڵیدەبژێرێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

أ ـ دەبێت بکەوێتە ناوەڕاستی پۆلەکانو چالاکییە جیاجیاکانی قوتابخانەوە.

ب ـ لەدەنگە دەنگو ژاوە ژاو دوور بێت.

ج ـ هەموو کەسو لایەنو پۆلەکان بەئاسانیو سادەیی دەستیان بیگاتێ.

د ـ لەڕووی تەندروستییەوە شیاوو گونجاو بێت، تیشکی ڕۆژی لێ بداتو بەبەردەوامی هەوای پاك بێت.

هەروەها پێویستە هۆڵێکی خوێندنەوەی باشو لەبار بۆ کتێبخانەکە دابنرێت. کە بتوانێت هەموو پێداویستییەکانی کتێبخانەی قوتابخانەکە پڕ بکاتەوەو زۆر ترین ژمارەی قوتابیانی پۆلەکان بگرێت، بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانیو بێ دەنگو بەشێوەیەکی هێمنانەو ڕێکوپێك سەرچاوەکان بخوێننەوەو سوودیان لێ وەربگرن.

پێویستە ئەو کتێبانە بە گشتیو هۆڵی خوێندنەوەکە بەتایبەتی کۆكو پۆشتەو پەرداخ بن و لەبەر دڵان بن و لەگەڵ باروودۆخو دەروونو جەستەی خوێنەرانی کتێبخانەکەدا ڕووناکی باشو هەوای فێنكو گەرمی گونجاوی هەبێت و بتوانرێت لەداوڕۆژو لەکاتی پێویستدا فراوانتر بکرێتەوە.

سەبارەت بەکەلوپەلو ڕایەخی کتێبخانەکەش دەبێت بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەپەیداکردنو هێنانی ئەو کەلوپەلو پێداویستیانەی کە کتێبخانەکە پێویستیەتی ڕۆڵی چالاکی هەبێت. هەروەها پەیداکردن و هێنانی کەلوپەل و ڕایەخو ئامێرو دەزگەی پێویست لەڕووی جۆرو چەندایەتی چ بۆ ڕێکخستنو خستنە ڕووی کتێبو مژادەکانی دیکە، یان بۆ خوێندنەوەو خزمەتگوزاری دیکەی کتێبخانەکە، یان بۆ ئەمینداری کتێبخانەکە. هەروەها پەیداکردنی ئامێری کۆمپیوتەرو هێڵی ئینتەرنێتو ئامێری دیکەی پێویست.

**3ـ لەبواری دەرماڵەدا:**

پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانە لەبواری دارایيو دەستمایەدا ڕۆڵی گرنگی خۆی ببینێت، کە دەکرێت لەم چەند ڕووانەی خوارەوەدا بیاننووسین:

1. بایەخــدان بەبابــەتی بودجـــەی کتێبخانەی قوتابخانەکە، ئەویش بـەهۆی ئـەو هۆکــارو ڕۆڵــە گرنگـەوە کـە لـە پترکــردنو گەشــەپێدانو دابینکردنـــی هەموو داواکارییە بنچینەییەکاندا خۆی دەنوێنێت، کە کتێبخانەی قوتابخانە بـۆ گەیانـدنی پـەیامی خـۆی پـشتیان پـێ دەبەستێت.

2. زۆر کــردنو پترکردنـــی داواکارییـــە داراییەکان بۆ ئەوەی کتێبخانەکە ئەرکی خـــۆی ڕاپـــەڕێنێت و کارمەنـــدان وەك پێویــست بتــوانن ئــەرکی سەرشــانیان لــەبواری کڕینـــی کتێـــبو سەرچـــاوەو خزمـــــەتگوزاری هەمــــــە چەشـــــنی کتێبخانەکەدا بەدی بێنن.

3. ڕێژەی بودجە: هەروەها بەڕێوەبـەری قوتابخانەکە دەتوانێت ڕۆڵـی خـۆی لـەم بــوارەدا بەچــالاکانە بنوێنێــت بــەهۆی دانانو دیاریکردنی بەشێکی دیــاریکراو یــان ڕێژەیـــەکی ســەدی لــە بودجـــەی قوتابخانەکە، یان پیتــاكو دیارییــەکانی قوتابخانەکە بۆ کتێبخانەکە، تا هەنــدێك شتی پێ بکــڕنو کــەلێنو کەلەبــەرێکی پێ پڕ بکەنەوە.

4. بەدواداچوون و لێپرسینەوە: دەبێــت بەڕێوەبەری قوتابخانەکـە بەدواداچـوونو چـــاودێریو سەرپەرشـــتی بــــەردەوامو تەواوی هــەبێت، کـە دەبێــت ئــەو بــڕە بودجــە دیـــاریکراوەی کتێبخانەکـــە ساڵانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێــكو بــاش لەبوارە دەستنیشان کراوەکانـدا خـەرج بکرێت.

5. چارەســــــەرکردنی کێـــــشەو ئاســـتەنگەکان: دەبێـــت بەڕێوەبــــەر بەوپـــەڕی توانـــاوە هـــەوڵ بـــدات ئاستەنگو کەندو کۆسپەکانی بـەردەم کتێبخانەکە نەهێڵێت، یان هەر نـەبێت بــەگوێرەی توانــا کــەمیان بکاتــەوە. کەمکردنـــەوەی ئـــەو کێـــشانەی کـــە بەڕێوەبەرایـــەتی قوتابخانەکـــە بەســـەر کتێبخانەکەیــدا دەســەپێنێت، ڕێگــە لەبەر دەم کتێبخانەکەدا خۆش دەکات پتر خزمت پێــشکەش بکــات. دەبێــت بەڕێوەبەری قوتابخانە هەوڵ بـدات ئـەو کێــشەو تەنگژانـــەی دێنـــە بـــەردەم هەڵسووڕێنەرانی کتێبخانەی قوتابخانـە سووك بکــات و نــەهێڵێت. لەلایــەکی دیکەەوە دەبێت هەوڵ بدات دەرماڵە لە (بودجــە)ی ســاڵانە بــۆ کتێبخانـــەی قوتابخانەکە دابین و زیاتر بکات.

**4ـ لەبواری کارمەندانو کارگـەرانی کتێبخانەی قوتابخانەدا:**

بــۆ بەرزکردنـــەوەی ئاســـتی توانـــاو لێهـــاتوویی کتێبخانـــەی قوتابخانـــە بەڕێوەبـــەری قوتابخانەکـــە دەتوانێـــت ڕۆڵێکی گرنگو کاریگەرانە ببینێت،

ئــــەویش لەمیانـــەی هەڵبـــژاردنی ئەمینـــدارێك بـــۆ کتێبخانەکـــە ئـــەم خەسڵەتانەی خوارەوەی تێدابێت:

أ - لــــــە ڕووی پەروەردەییــــــەوە مامۆســـتایەکی زیـــرەكو ســـەرکەوتوو وشیارو ڕاهـاتوو بێـت. مامۆستایەك، یـان فەرمانبـەرێکی شـارەزاو لێهـاتوو بێتو حەزو ئارەزووی لەخوێندنەوەو کار کردن لەکتێبخانەدا هەبێت.

ب ـــ مەشـــقو ڕاهێنـــانی لـــەبواری کتێبخانەدا پێ کرا بێت، یـان پـسپۆڕو تایبەتمەنـــدی کتێبخانـــەکان بێـــت و شارەزاییو پـسپۆڕی لـەبواری زانـستی کتێبخانەکانـدا هـەبێت و لـەم بـوارەدا کاری کردبێت.

ج - لەهەڵـــسوکەوت کـــردن لەگـــەڵ قوتابیــــانو ئەنـــدامانی دەســـــتەی مامۆســــــتایانو وانەبێـــــژیو بەڕێوەبەرایەتیو کـارگێڕی کتێبخانەکـە پسپۆڕیو کارامەییو توانایەکی تەواوی هەبێت.

د - حەزو ئـارەزووی تـەواوی بـۆ کـار کردن لەکتێبخانەی قوتابخانەدا هەبێت.

ه - ڕۆشنبیرییەکی فرەوانـی هـەبێت و شارەزاو چاوڕوون بێت.

هەروەها دەبێت بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ئەو کەسەی بـۆ بەرپرسـی کتێبخانەکـە دادەنێت بەتەواوی دەست بەتاڵی بکاتو بـواری تـەواوی بـۆ بڕەخـسێنێت، تـا بتوانێـت بەوپـەڕی توانـاوە کاروبـاری کتێبخانەکـە هەڵبـسووڕێنێتو بـواری تەواوی پێ بدات، بۆ ئەوەی لـەبواری کتێبخانەکاندا کارامەییو پسپۆڕیەتی خۆی پەرە پێ بدات، ئەویش لەڕێگەی بەشـداربوونی لـەخولو بەرنامـەکانی مەشـــقو ڕاهێنانـــەوە لـــەکاتی خزمەتکردن و دەوامی فەرمیدا.

هەروەها دەتوانێت بـەهۆی سـازدانی لیژنـــەی هاوڕێیـــانی کتێبخانـــەو بەدواداچـــوونو لێپرســـینەوە لـــەکارو چـالاکییەکانیان پـەرە بـە توانـاو کارامەیی کتێبخانەکە بدات.

**5ــ لـەبواری زۆر کردنـی زانـستو زانیارییەکاندا:**

پێویستە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە بەشـداری و سەرپەرشـتی پرۆسـەی هەڵبژاردنی کتێبو بابەتەکانی دیکەی کتێبخانە بکات و هەوڵ بدات کۆمەڵە کتێبو سەرچاوەی بـاشو لـەبار پـتر بکات ئەویش لەمانەی خوارەوە:

- کتێـــبو نامیلکـــە لەبابەتـــە جـــۆر بەجۆرەکان.
- ژێدەری بەسـوود وەك: فەرهـەنگ و ئەنسکلۆپیدیاو گەلێکی دیکە.
- ڕۆژنامەو چاپکراوی وەرزی گـشتیو تایبەتی.

• چـــیرۆکی زانـــــستیو وێـــــژەیی ئاراستەکراو.
• ئامرازو کەرەستەکانی بیستنو بینین.
• ئـــامێری کۆمپیووتـــەرو بەرنامـــەی لەبارو بەسوود.

پێویـــستە بەڕێوەبەرایـــەتی قوتابخانەکـــە لـــەکاتی هەڵبـــژاردنو پەیـــداکردنی ئـــەو سەرچـــاوانە پـــێ لەســـەر چـــەندایەتی و چـــۆنایەتی ئـــەو ژێـــدەرو سەرچـــاوانە دابگرێت، بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئاســتی قوتابخانەکـــەو سروشـــتی پرۆگـــرامو بەرنامەو ژمارەی قوتـابیو ئەنـدامانی دەســتەی وانەبێژیـدا یــەك بگرێتــەوە. سەرباری حەزو ئارەزووەکـانی کۆمـــەڵی قوتابخانەکە. دەبێت برێکی تەواوی ئـەو سەرچاوانە بەرهەمی هـزری نیـشتمانی بگرێتەوە. هەروەها دەبێـت بەڕێوەبـەرو کارگێڕی سەرپەرشتی ڕێکخستنو پـۆلین کـردنو پێڕسـت کردنـی کتێبخانەکـە بکـات، بـە ڕێگەیـەك کـە کۆمـەڵی قوتابخانەکە بتـوانن بەئاسـانیو سـاناو سوود لە کتێبخانەکە وەربگرنو بەکاری بهێنن.

**6ـــ لـــەبواری خزمەتگوزارییـــەکانی کتێبخانەدا:**

پێویستە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکـە دووپـــاتی بکاتـــەوە کـــە کتێبخانـــەی قوتابخانـــە چـــەندین خزمـــەتگوزاری بەکۆمـــەڵی ســـوودمەندانی خـــۆی پێشکەش دەکات لەگەڵ پێویستی پێدا گـرتن لەسـەر پێـشکەشکردنی ئـەم خزمەتگوزارییــە بنەڕەتییانـــەی لای خوارەوە:

1. خزمەتگوزاری پێـدانی کتێـب بـۆ ناوەوەو دەرەوەی قوتابخانە.
2. خزمەتگوزاری ژێدەریو ڕێنمایی.
3. خزمـــــەتگوزاری ڕاگەیانـــــدنو بیبلیۆگرافی.
4. ڕێکخستنی وانەبێژیو کۆبوونـەوە لە بۆنە جیاجیاکاندا.
5. ڕێکخستنی پێـشبڕکێی ڕۆشـنبیری وەك: یەکەمەکانی خوێندکاران.
6. ڕێکخـستنی پێـشانگەی کتێـبو رتـابلۆو وێنـەکانی قوتـابی و گـەلێك شتی دیکە.
7. سەرپەرشـــــتیکردنی بەشـــــی کتێبخانـــــەو پێـــــشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە پۆلە جیاجیاکان.

بەڕێوەبەری قوتابخانە چۆن دەتوانێت لە چالاکیو گـورجو گـۆڵیو دڵـسۆزی کتێبخانەی قوتابخانەکەی دڵنیـا بێـت، ئەویش بەگرتنەبەری ئەم هەنگاوانـەی خوارەوە:

أ ـــ بـــەراوردکردنی واقیعـــی ئـــەو کتێبخانەیە لەگەڵ ئەو کارو چـالاکیو خزمەتگوزارییانـەی کـە پێـشکەشیان

دەكات، لەگەڵ پێوەرەكانی كتێبخانەكە لەم بوارەدا.

ب ـ بەڕێوەبەر زۆر بەئاسانی دەتوانێت پەرە بە كارامەیی و كارو چالاكییەكانی كتێبخانەی قوتابخانەكەی بدات ئەگەر پشتگیری تەواوی ئەو كتێبخانە بكاتو هەوڵ بدات گەشە بسێنێت و لە هەموو بوارەكاندا ببێتە ناوەندێك بۆ زانستو زانیاری، یان ببێتە ناوەندێك بۆ سەرچاوە فێركاریو ناوەندێكی تەكنیكی فێرخوازی.

ج ـ هەروەها هەوڵدان بۆ هاریكاری كردنو یارمەتیدانی یەك دیكە لەنێوان كتێبخانەكەو ئەو كتێبخانانەی لەو دەوروبەرەدا كاراو چالاكو خزمەتگوزارن[21].

## ڕۆڵی مامۆستا لە پەرپێدانو بەرز كردنەوەی كارامەیی كتێبخانەی قوتابخانە

نكۆڵی لەوە ناكرێت كە مامۆستا لەپەرەپێدانو گەشەكردنی كارو چالاكییەكانی كتێبخانەی قوتابخانە سەرچاوەیەكی دیكەی گرنگو كارامەیە. دیارە خوێندنەوەی ئازادو بەدوادا گەڕانو خوێندنەوەی دەرەوەی پرۆگرامی خوێندن بەسۆزو حەماسەتو بڕوا بوون بە پەیامی كتێبخانەوە بەندە. بۆیە لەم ڕوانگەوە مامۆستا دەتوانێت ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ ئاراستە كردنو ڕێنمایی چالاكی جۆربەجۆر بخاتە گەڕ، بەوەی كە دەتوانێت كتێبخانەی قوتابخانە بكاتە نەریتو خوویەكی چێنراو لەدڵو دەروونی قوتابیانداو لەپێ گەیشتنو بەدەستهێنانی زانستو زانیاریو پڕ كردنەوەی كاتی بێكاری لەچالاكی بەكەڵكو پڕ سوودا هاریكاریو یارمەتییان بدات.

بەڵێ، كتێبخانەی قوتابخانە بۆ مامۆستا وەك تاقیگەیەكی زانستیو ڕۆشنبیری وایە، دەتوانێت بەو هەموو زانستو زانیاریو ڕۆشنبیرییانەی، كە تازە لە بابەتی وانەكاندا سەر هەڵدەدەن، قوتابییەكان ئاگەدار بكاتەوەو دوایین توێژینەوەو لێكۆڵینەوەی زانستیو هزری پەروەردەییو دەرونی بە قوتابییەكان ئاشنا بكاتو فێریان بكات. بەتایبەتیش ئەوانەی پێوەندییان بەشێوەو شێوازەكانی وانەبێژی و وانەگوتنەوەوە هەیە.

دەبێت مامۆستا لە بواری بەكارهێنانی كتێبخانەی قوتابخانەدا پێشەنگو پێشڕەوێكی چاكو بەسوود

بێت، بەتایبەتیش ئەوەی کە پێوەندی بە شارەزایی لە کۆمەڵی ژێدەرەکان لەبواری پسپۆڕیو تایبەتمەندێتی خۆیدا هەیە، نەخاسمە ئەو بابەتانەی کە خۆی وانەیان تێدا دەڵێتەوە.

هەروەها مامۆستا دەبێت لە بواری پێڕستو پۆلین کردنی کۆمەڵی ژێدەرو سەچاوەو ڕێکخستنی کتێبخانەو سروشتی ناوەروکو ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکات شارەزا بێت. ئەمەو ئەو ڕۆڵانەی کە مامۆستا دەتوانێت لە پەرەپێدانو گەشەکردنی کارو چالاکییەکانی کتێبخانەی قوتابخانەدا ڕایانبپەڕێنێت لەم چەند خاڵانەی لای خوارەوەدا چڕ دەکرێنەوە:

**یەکەم:** گرنگیو بایەخدانی تەواو بەکتێبخانەی ناوەندو کتێبخانەی پۆل لەمیانەی ڕێنمایی کردنو ئاراستەکردنی قوتابیانو هاندانیان لە بەکارهێنانو سەردانی کتێبخانەکەو پەرەپێدانی کۆمەڵی سەرچاوەو پارێزگاری کردنیانو پاڵپشتیکردنی کتێبخانەکە لەمیانەی پیتاك پێ بەخشینو بە دەستخستنی کتێبو چاپکراوی گونجاو بۆ ئەو کتێبخانەیەو هاریکاری کردنو بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردنی کتێبو سەرچاوەو ڕێکخستنی کتێبخانەکە بەنوێترینو زانستی ترین شێواز.

**دووەم:** قۆستنەوەی هەلی بۆنە ئایینیو نەتەوەییو ڕۆشنبیرییەکانو شرۆڤەکردنی ئەو کۆمەڵە کتێبو سەرچاوانەی باس لەو بۆنانە دەکەن بۆ قوتابیەکان و هان بدرێن ئەو سەرچاوانە بەکاریان بهێننو بیانخوێننەوە، مامۆستا ئەو کتێبانە پوختە بکات و لەهۆڵدا بۆ قوتابیان ڕوونیان بکاتەوە.

**سێیەم:** هانی قوتابییەکان بدات کتێبو سەرچاوی زانیاری جۆربەجۆری دەرەوەی کتێبی پرۆگرامی بڕیار لەسەر دراو بەکاربهێنن و تێیان بگەیەنێت کە ئەو کتێبو سەرچاوانەی پرۆگرام تاکە سەرچاوە نین لەو بابەتانەدا پشتیان پێ ببەستن، کە وەك پرۆگرام دەیانخوێنن و ئەمانە بۆ پتەوکردنی زانستو زانیاریو خۆڕۆشنبیرکردنو خۆپڕزانیاریکردن بەس نین. بەڵکو تا کتێبو سەرچاوەی دەرەکی دەرەوەی پرۆگرام نەخوێننەوە، ئەوە هیچ بەهیچ ناکەنو پێیان ناگوترێت ڕۆشنبیرو زاناو دانا، بەڵکو دەبێت هەوڵ بدەن زۆر بخوێننەوەو بچنە کتێبخانەی قوتابخانەکانو کتێبخانە گشتییەکانو کتێبخانەکانی دیکە. هەروەها بەدوای زانستو زانیاریدا

بگەڕێنو هەمیشە بۆی وێڵ بن. کتێب بکڕن، گۆڤار بکڕن سەرچاوەو ژێدەرە گرنگو نایابو کۆنەو دەگمەنەکان پەیدا بکەنو بیانخوێننەوە.

**چوارەم:** پێویستە مامۆستا لەپرۆسەی هەڵبژاردنو کڕینی کتێبو سەرچاوەو ئامادەکردنی لیستێکی گونجاو بەکتێبو سەرچاوەی لەبار بۆ خوێندنەوەی دەرەوە کە لەگەڵ پۆلە جۆر بەجۆرەکانی قوتابخانەکەدا بگونجێن لەڕووی ئاستی زمانەوانیو بابەتیدا هاریکاریو بەشداری ئەمینداری کتێبخانەکە بکات. هەروەها لەڕووی کارو چالاکییەکانی دیکەوە کە بە بواری خوێندنەوەو بەدوادا گەڕانو گشت توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانەوە پەیوەست بن، یارمەتیو هاریکاری ئەمینداری کتێبخانەکە بکات.

**پێنجەم:** قوتابییەکان هان بدات کتێبو چاپکراو بۆ دەرەوەی کتێبخانە وەربگرن و لەهەر شوێنێك کە ئارەزوویان لێ بێت بیانخوێننەوە، بەتایبەتی ئەو کتێبو سەرچاوانەی کە پێوەندییان بە بابەتەکانی وانەکانیانەوە هەبێتو داوایان لێ بکرێت ئەو کتێبو سەرچاوانە بەهاوڕێو برادەرانو خزمو نزیکەکانی خۆیان بناسێننو لەنێوانیان خۆیاندا ئاڵوگۆڕیان بکەنو دایەلۆکو توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر هزرە سەرەکییەکانی ناو کتێبەکان بکەن.

**شەشەم:** قوتابیان و خوێندکاران هان بدەن وتارو نووسینو ڕاپۆرتو توێژینەوەی ئاسان و سووك بنووسن و بیانهێننە ناو پۆل لەنێوان خۆیاندا بیانخەنە ڕوو و دەمەتەقێیان لەسەر بکەنو دوای پێداچوونەوەو پوختەکردن لەبڵاوکراوە گونجاوەکاندا بۆیان بڵاو بکرێتەوە.

**حەوتەم:** قوتابیو خوێندکاران بە شێوەیەك ڕابهێنێت بتوانن باسی کتێبو ژێدەرەکانی پەیوەست بە بابەتی خوێندنەوە بکەنو پێیان بناسێننو هەروەها چۆنیەتی گەیشتن بەو کتێبو سەرچاوانەو خواستنیان فێر بکاتو هانیان بدات بەردەوام سەردانی کتێبخانەکە بکەنو فێری ئامادەکردنی لیستی کتێبو سەرچاوەی پێوەندیدار بە بابەتی خوێندنەوەیان بکات.

**هەشتەم:** تایبەت کردنو دانانی نیشانەی تایبەت بەمادەی خوێندنو گەڕان بەدوایدا لەدەرەوەی پرۆگرامو خوێندنەوەی ئازادو خوێندنەوەی دەرەوەی پرۆگرامو ڕۆشنبیری گشتی لەبابەتەکەدا هەروەها لەچالاکییەکانی کتێبخانەی پەیوەست وەك چاوخشاندن بەکتێبو سەرچاوەو پوختەکردنیانو

دروستکردنی لیستی ژێدەرو سەرچاوەکان....تاد[22].

******

## ڕۆڵی ئەمینداری کتێبخانەی قوتابخانە لە گەشە پێدان و بەرز کردنەوەی کارامەیی کتێبخانەکە

ئەمینداری کتێبخانە لەهەموو کەسێك پتر پێوەندی بەبواری کارو چالاکییەکانی قوتابخانەکانەوە هەیە، چ لەڕووی پەروەردەیی‌و چ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێت. بۆیە دەبێت پێوەندی لەگەڵ کارگێڕی‌و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکەو لەگەڵ دەستەی مامۆستایان‌و لەگەڵ قوتابیاندا زۆر باش‌و پتەوو بەهێز بێت. ئەرك‌و بەرپرسیاریەتییەکانی ئەمینداری کتێبخانەی قوتابخانە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا چڕ دەکەینەوە:

**یەکەم: ئەرك‌و بەرپرسیاریەتییە هونەرییەکان:**

بەشداری باش‌و هاریکاری باش‌و چالاك لەپرۆسەی هەڵبژاردنی کتێب‌و چاپکراوی وەرزی و بابەتەی بیستن‌و بینین‌و بابەتە جۆر بەجۆرەکانی کتێبخانە، کە لەگەڵ قۆناغی قوتابخانەدا دەگونجێن، لەگەڵ بایەخدان‌و جەخت کردن لەسەر ئیعتباراتە پەروەردەیی‌و زمانەوانی‌و مادییەکان لەکاتی هەڵبژاردندا.

زۆر کردن‌و پەیداکردنی بابەتە جۆر بەجۆرەکانی کتێبخانەی قوتابخانەکان لەمیانەی چەند ڕێگایەکی هەمە چەشنە کە لەمانەی خوارەوەدا پوختە دەبن:

أـ کڕینی ڕاستەوخۆ لە نووسەران، یان لە بڵاوکەرەوە، یان لە دەزگەی دابەشکردن....تاد.

ب ـ وەرگرتنی دیاری‌و پێشکەش لە قوتابیان‌و مامۆستایان‌و سەرپەرشتیارانی قوتابیان‌و خوێندکاران یان لەهەر کەس‌و لایەنێکەوە بێت.

ج ـ ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ کتێبخانەکانی دیکەدا بەتایبەتیش کتێبخانەی قوتابخانەکان‌و کتێبخانە گشتییەکان.

تۆمارکردنی بابەتەکانی کتێبخانە لە تۆمارێکی تایبەت‌و پاراستنی ئەو تۆمارە.

بەرگ گرتنی کتێبەکانی کتێبخانەکە کە بەشێوەیەکی گشتی پێویستیان پێ هەیە، کە ئەمەیش یارمەتی پاراستنی سەرچاوەکان و

ئاسان بەکارهێنیانیان لەلایەن قوتابیانەوە دەدات.

پێڕست نووسین بۆ بابەتەکانی کتێبخانەو ئامادە کردنو ڕێکخستنی پێڕستی پێویست کە بریتین لە:

أ- پێڕستی دانەران.

ب - پێڕستی ناونیشانەکان.

ج - پێڕستی بابەتەکان .

پۆلین کردنی کەرەستە جۆراوجۆرەکانی کتێبخانە بەپێی یەکێك لەسیستمەکانی پۆلین کردنی باوو لەبارو سیستمی پۆلین کردنی دیوی دەیی کە بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکان لە هەموو سیستمەکانی دیکە باشترو لەبارترو زانستی ترە.

پاراستنو بژارکردنو ئامارکردنی کۆمەڵە کەرستەکانی کتێبخانە.

نووسینی ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتیو کارگێڕی قوتابخانە دەربارەی کتێبخانەکە(23).

**دووەم: نرخاندنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە گشتییەکانی کۆمەڵی قوتابخانە**

**کۆمەڵی کتێبخانەش لەمانەی خوارەوە پێکدێت:**

1.قوتابیانو خوێندکاران.

2.مامۆستایانو وانەبێژان.

3.فەرمانبەرانو کارگەرانو کارگوزاران

4- بەڕێوەبەرایەتیو کارگێڕی قوتابخانەکە.

5- لیژنەی هاوڕێیانو هاوولاتیانی دەوروبەری قوتابخانەکە.

## هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی کتێبخانەی قوتابخانە

کتێبخانەی کۆمەڵی قوتابخانە چەند خاڵ لەخۆ دەگرێت کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- خزمەتگوزاری خوێندنەوەو بەدواداچوونی ناوەوەو خواستنی دەرەوە.

- خزمەتگوزاری ژێدەرو وەلامدانەوەی پرسیارەکانی لەمەڕ ژێدەر.

- خزمەتگوزاری ڕێنمایی و ئاراستەی قوتابیان چ بۆ مەبەستی خوێندنەوە بێتو چ بۆ مەبەستی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە بێت.

- خزمەتگوزارییەکانی ڕاگەیاندن لەمیانەی بلاوکردنەوەی کتێبخانەی کتێبخانە، یان لیستی کتێبو چاپکراوە تازەکان...تاد.

- ئامارکردنی ئیندێکسو کورتە باسەکان و بیبلیۆگرافیا بۆ وانەبێژان لەکاتی پێویستدا.

- کردنـــەوەی پیـــشانگەی کتێـــبو چاپکراوو کەرەســتەی زانیارییــەکان لــە بۆنە جیاجیاکاندا.
- ڕێکخستنی پێشبڕکێ بـۆ خوێنـەرانی بـــەرایی‌و یەکەمـــەکان‌و کەســـانی دیکەیش.
- ڕاهێنان‌و مەشق پێ کردنـی قوتابیـان لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت‌و مامەڵـە کردن لەگەڵ کتێب‌و کتێبخانەدا.
ـــ ڕێکخـــستنی کـــۆڕو کۆبوونـــەوەو دایەلۆگ و دەمەتەقێ‌و زنجیرەو بەیـەك گەیشتن‌و ڕوو بەڕوو بوونـەوەی وێـژەیی‌و زانستی لەبۆنە جۆر بەجۆرەکاندا.
ـــ بەشـــداریکردن‌و هاریکـــاریکردن بەشـــێوەیەکی ئـــەرێنی لەپـــشکی کتێبخانەکان.
ـــ پێـــشکەشکردنی خزمـــەتگوزاری کتێبخانــە کــە ئەندامــەکانی دەســتەی وانەبێژان پێویستیان پێی دەبێت.
ـــ ڕێکخـــستنی کۆمـــەڵی دۆســـتانی کتێبخانەو سەرپەرشتی کردنیان.
- بەشداریکردن لــە سـازدانی چـالاکی ڕۆشنبیری لە قوتابخانە.
- هاریکاریکردن لەگـەڵ کتێبخانــەکانی دیکە کە لە دەوروبەردا هەن.

## هەڵسەنگاندنی کتێبخانەی قوتابخانە

بێ گومان کتێبخانــەی قوتابخانــەکان گەلێك ئەرك‌و چالاکی هەمە چەشـنەی لەســەر شــانە، دەتــوانین لــەم چــەند بڕگانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:
* بریتییە لەکۆگـەو مەڵبەنـدێك بـۆ کتێـــب‌و کەرەســـتەو بابەتگـــەلی فێرکاری.
* کتێبخانــە مەڵبەنـدی خوێندنـەوەو خزمەتگوزاری ژێدەرییە.
* بریتییە لەچەند ئامرازو ئـامێرێکی فێرکاری‌و ڕێنماییکارو خزمــەتگوزاری کتێبخانە.
* هاریکـــاری‌و پاڵپـــشتی هـــەموو پرۆگرامی قوتابخانەکەی هەیـەو بگـرە پتریش، چونکە بواری کتێب‌و سەرچاوە زانیاریەکانی ناو کتێبخانەکە لـەبواری پرۆگرامـــی قوتابخانەکـــە گـــەلێك فراوانترە.
جا لەبەر چڕی‌و پڕی کـارو چـالاکی‌و ئەرکەکانی دانانی نەخشەو پلانێك بـۆ هەڵسـەنگاندنی کتێبخانــەی قوتابخانــە کارێکی ســادەو ســاناو ئاســان نییــەو ئەرك‌و ماندووبوونێکی زۆری دەوێـت،

بۆیــە دەبێــت بــۆ هــەر قوتابخانەیــەك نەخشەو پلانێکی تایبەتو شـێوازێکی تایبەتی بۆ دابنرێت. کـاری بـەردەوامی بــۆ بکرێــت بــۆ ئــەوەی ئامــانجو مەبەسـتەکانی بـەدی بـێن بـۆ ئـەوەی پاڵپشتی پرۆگرامەکانی خوێندن بکـەن. لەو کاتـەدا هەڵـسەنگاندنەکە بـۆ ئـەم کتێبخانەیە هەڵـسەنگاندنێکی ئـەرێنی دەبێت.

هــەر کاتێــك ویــستمان کتێبخانــەی قوتابخانــە هەڵبــسەنگێنین چــەندین پرسیاری جـۆر بـەجۆر سـەرهەڵدەدەن و دەبێت وەڵامی پرسیارەکان بدرێتەوە. کە لـەم خاڵبەندییانـەی خـوارەوەدا چـڕیان دەکەینەوە:

1ـــ بۆچــی بەرنامــەی کتێبخانــەی قوتابخانە هەڵدەسەنگێنین؟

أ ـ بۆ ئەوەی بزانین چ کارو چالاکییەکی قوتابخانەیی ڕاپەڕاندووە.

ب ـ بــۆ ئــەوە بتــوانین بەئاســانی پێداویستییەکان دەستنیشان بکەین.

ج ـ بۆ ئەوەی بتوانین بەئاسانی نەخشەو پـلان بـۆ داهـاتووی ئـەو کتێبخانەیـە دابڕێژین.

2ـــ کـێن ئەوانـەی لەهەڵـسەنگاندنی کتێبخانەی قوتابخانەدا بەشداری دەکەن؟

پێویستە لەهەڵسەنگاندنی کتێبخانەی قوتابخانــەدا ئــەم لایەنانــەی خــوارەوە بەشداری بکەن:

أــ ئەمینــدارو دەســتەی کتێبخانــەی قوتابخانەو ئەوانەی کە لـە ڕێکخـستنو کــــارگێڕیو پێــــشکەشکردنی خزمەتگوزارییــــەکانی کتێبخانــــەو فێرکردنی کارامەییەکانی کتێبخانـەدا بەرپرسو لێپرسراوی ڕاستەوخۆن.

ب ـ بەڕێوەبــــەرانو ئاراســــتەو ڕێنماییکــــارانی قوتابخانــــەکانو نووســــینگەو خزمەتگوزارییــــە فێرکارییــەکان، واتــە لێپرســـراوان لەسەرپەرشــتی کردنــی قوتابخانــەو کـــارگێڕیو ئەوانــەی کــە بــۆ جێبـەجێکردنی کـارو فرمانـەکانیان پێویــستە پاڵپــشتی کتێبخانــەی قوتابخانەکان بکەن.

3ـ دەبێت چی هەڵبسەنگێنرێت؟

•بنەڕەتییەکانی کتێبخانـە: کۆمـەڵێك کتێبو چـاپکراوو کەرەسـتەو بابـەتی دیکەی تەواو نوێو لەبار بۆ قوتابیانو خوێندکاران. ڕێکخستنی کەرەستەکانی کتێبخانەکانو ئامـادەکردنی پێڕسـتی کارتی. هەروەها تەلاری کتێبخانەکەو هۆڵەکانو نەخشەو پلانەکانی فێرکاری کارامــەیی کتێبخانــەییو ڕێنمــایی خوێنــەرانو خزمەتگوزارییــەکانی

کتێبخانــە. هــەروەها ئەمینــداری کتێبخانــەو کارمەنــدانو کــارگوزارانی دیکــە ئەوانــەی لــەو کتێبخانــەدا کــار دەکەن.

•کــــارگێڕی کتێبخانەکــــەو پلانــــی قوتابخانەکــە بــۆ ئاســانکاری گەیــشتن بەکەرەســـتەکانی کتێبخانـــەو ســـوود وەرگــرتن لێیــان لەلایــەن قوتابیانــەوە، هەروەها دیمەنی کتێبخانەکەو سیــستمو کــەشو هــەوای گــشتی. هــەروەها هاوبەشــکردنی ئەنــدامانی دەســتەی فێرکاری لەکارگێڕیو چالاکییەکان و لـە هاندانی خوێنـدکاران بـۆ بـەکارهێنانی کتێبخانەکە.

•بواری بەکارهێنانی کتێبخانە لەلایـەن قوتابیــانو مامۆســتایانو وانەبێژانــەوە لەپرۆگرامەکانی خوێندنو چالاکییەکانی قوتابخانــەکانو بایەخــدان بــە ئــارەزووی تاکــە کەســی . واتــە بــواری زانــستیو چالاکی تاکە کەسی.

•بــواری هاریکــاریکردنی کتێبخانـــە لەپرۆسەی خویندنو فێرکاریدا:

1. چونکە کتێبخانە وەك سەرچاوەیەکی گــرنگ وایــە بــۆ هەڵــسوکەوت کــردنو هاریکـــاریکردنی تاکـــە جیاجیاکـــانی قوتابیــان لــەڕووی خوێندنــەوەو حــەزو ئارەزوو و بواری بایەخ پێدانیان لەڕووی زانستو زانیارییەوە.

2. کتێبخانـــە پێگەیەکـــە بـــۆ پـــــەروەردەکردنو گەشـــــەپێدانی کۆمەڵایەتیو ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێت ڕۆڵێکــی گرنگــە لەچــاك کــردنو گەشەپێدانی جۆری خوێندنو فێرکردنو پـــەروەردەکردنو پاڵپـــشتیکردنی پرۆگرام.

3. هەروەها ڕاگەیاندنو ئاشکراکردنی پلەو پایــەو شــوێنی کتێبخانــە لــەناو قوتابیانو پێوەندییە گشتییەکاندا.

4. بــواری ڕوونکردنــەوەی ڕۆڵــی کتێبخانە بۆ قوتابیـانی قوتابخانەکـەو کۆمەڵی دەوروبـەر کـە قوتابخانەکـەی لێیە.

• لــەکاتی هەڵــسەنگاندندا یەکــەمین هەنگاو چییە؟

پێویستە پێش ئەوەی دەست بەکارەکـە بکرێت پلانێکی زانستیانە بـۆ کـاری هەڵسەنگاندنەکە دابڕێـژرێت کـە ئـەم چەند خالأنەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ ـــ پێویــستە ئاشــنای ئــەو پــلان و پێــشنیارانە بــین، کــە بــۆ کــاری هەڵسەندنەکە داڕێژراون، ئەوانـەی کـە بەهەڵـــسەنگاندنی کتێبخانـــەکانی قوتابخانەکان تایبەتن.

ب ـ دڵنیـــابوون لـــەوەی کــــە هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکە کاتێکی زۆر دەخایــەنێت، جــا بۆیــە بــۆ ئــەوەی

هەڵسەنگاندنەکە ڕەوتێکی زانستییانە وەربگرێتو مەبەست بپێکێت، دەبێت کاتێکی تەواوی بۆ تەرخان بکرێتو هەڵ نەپرووکێنرێت.

ج - بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە پێویستە هەڵبسەنگێنرێن.

د - دانانی پلانێك بۆ نووسینی پوختەی ڕاپۆرت.

•بەرنامەو پروگرامەکانی هەڵسەنگاندن چین؟

1. تێبینیکردنی کتێبخانە لەکاتی کارکردندا لەکاتێکدا کە خوێندن بەردەوامە. هەروەها تێبینیکردنی پێش کاتژمێرەکانی خوێندنو دوای خوێندنیش.

2. ئاشنا بوونو ناسینی باشترین خزمەتگوزاریو کارو چالاکی ئەنجام دراو کەکتێبخانەکە دەیگرێتە بەر.

3. پێویستە تۆمارێکی بچووك بۆ سروشتو حەزو ئارەزووی گشتی دەربارەی چالاکیو دەستکەوتو کارو پێداویستییەکانی کتێبخانە هەبێت. دەبێت هەموو ئەو تێبینییانەی لەکاتی وەرزی خوێندنو لەهەر شوێنێکی دیکەی قوتابخانەکە بەسەر کتێبخانەکەدا دێن بنووسرێن.

4. دەبێت هەوڵی ئەوە بدەینو بزانین چەندە ئامانجەکانی کتێبخانەکە بەئامانجی قوتابخانەکە دەگاتو تاچەند کتێبخانەکە توانیویەتی پاڵپشتی بەرنامەکانی خوێندن بکات.

5. دەبێت لەهەموو تۆمارەکان و ڕاپۆرتەکانی کتێبخانەکە بکۆڵرێتەوە، پێویستە لەو پرۆسەدا کاری ئامارو ڕاکان بەیەکەوە بەکار بهێنرێن.

6. دەبێت بارو گوزەرانی ئەو کتێبخانەیە لەگەڵ کتێبخانەکانی دیکەی قوتابخانەکاندا بەراورد بکرێت، کە لەهەمان ژینگەو دەوروبەری هاوشێوەدا هەن، لەگەڵ کتێبخانەی قوتابخانەکانی دیکەدا کە هەمان قۆناغی خوێندنو فێرکاری دەیانگرێتەوە.

7. دەبێت وەك یەکەیەکی تەواوکاری لەکتێبخانەکە بکۆلرێتەوە، یان لە هەندێك لە پرۆگرامەکانی کتێبخانە وەك بەرنامەی فێرکاری قوتابیانو خوێندکاران لەبەکارهێنانی کتێبخانەو کاریگەریەتی کتێبخانە لەسەر قوتابیان و بواری بەکارهێنانی کتێبخانە لەلایەن بەشە جیاجیاکانی قوتابخانەو ڕۆڵی ئەمینداری کتێبخانەکە وەك مامۆستاو ڕێنماییکار بۆ قوتابیان.

# ڕەنگ
# لە هونەری شێوەکاریدا

**ئا: پەروەردەو فێرکردن**

ڕەنگ لە هونەری شێوەکاریدا بۆ مامۆستایانی پەروەردەی هونەر قۆناغی ـ (7ـ 8ـ 9)ی بنەڕەتی و قۆناغی ئامادەیی، ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی مامۆستا (عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح ڕواندزی) ئامادەی کردووەو لە دووتوێی دووسەدو هەشت لاپەڕەی قەوارە گەورە و بە بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و وێنەی ڕەنگاو ڕەنگەوە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە ڕێبەرێك بۆ مامۆستایان لەو قۆناغانەی خوێندن کە لە سەر بەرگی کتێبەکە ئاماژەیان پێ کراوە.

ئامادەکاری کتێبەکە لە پێشەکییەکی کورتدا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەنگ هۆکارێکە بۆ گوزارەکردن لە بەهاکانی فۆرم و واتای دەروونی لە ڕووی جوانیشەوە پێوەندی بە هونەرەوە هەیە. بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جوانی گرنگترین لایەنە کە ڕەنگ ڕۆڵی دیارو بەرجەستەی تێدا دەبینێت و هەوڵ دەدات بە گوزارە بگاتە توخمی ڕووتی جوانی، کە بەپێی یاساکانی جوانناسی هەوڵ دەدات ڕیتم و گونجان دروست بکات. لەوەشمان ئاگەدار دەکاتەوە کە کاتێك تیۆری ڕەنگ پەیدابوو

هونەرمەندان هـەوڵیان دا سـوودی لـێ ببیـــنن و ڕێـــچکەو ڕێبـــازی نـــوێی هونـــەرییان لێ هـــەڵهێنجاو ڕێـــی ئەفراندنی بۆ خۆش کردن.

ئاماژە بەوەیش دەکات لەبەر ئەوەی پرۆگرامی خوێنـدن لـەڕووی هـەبوونی کتێبی خوێندنی لەمەڕ هونەرو ڕەنگەوە لە وڵاتـی ئێمـەدا هـەژارە، بەتایبـەتی لـەبواری ڕەنگـدا، بۆیـە ئـەم بابەتـەی هەڵبـژاردووەو ئـەم کتێبـەی خـۆی بـۆ ڕەنگ لەهونـەری شـێوەکاریدا تـەرخان کردووە، تا مامۆستایانی بواری هونـەر وەك ڕێبـەرێك سـوودی لێ وەربگـرن و نـاوەرۆکی بابەتـەکان بـۆ فێرخـوازو قوتابیـان ئاشـنا بکـەن. هـەروەها کتێبەکە بـە پاڵپـشتێك بـۆ خوێنـدنی پەروەردەی هونەر لەفێرگەکانی هەرێمی کوردستان بۆ قۆناغی حەوت و هەشت و نـۆی بنـەڕەتی و هـەروەها قۆنـاغی ئامادەیی لەلایەك و لەلایەکی دیکـەوە وەك سەرچـاوەیەکی هونـەری هـەژمار دەکـات کـە فێرخـوازان دەتـوانن لـە کتێبخانـەی فێرگـەکان سـوودی لێ وەربگرن. وێـڕای ئـەوەیش بـۆ هـەموو ئارەزوومەنـدانی هونـەری شـێوەکاری کتێبێکـــی ڕۆشـــنبیری هونـــەری سوودبەخشە. ئاماژەیش بـەوە دەکـات کە بە باشی زانیوە کتێبەکە بە چەندین تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ بڕازێنێتەوە.

کتێبەکە لـە نـۆ بـەش پێکهـاتووە. یەکـەمین بـەش باسـی ڕەنـگ و ئاوێتەکردن، هەست کـردن بـە ڕەنـگ، هونـەرو ڕەنـگ، ڕەنـگ لەسروشـتدا، زیندەوەرو ڕەنگ، پزیـشکی و ڕەنـگ، چارەسەرکردن بە تیشکی ڕەنگـاوڕەنگ و بیردۆزەکـانی ڕەنـگ و ڕاوبۆچـوونی هەندێك لە زانایان و ناوازەیی ڕەنگەکان و چۆن سێ ڕەنگە سەرەکییەکان دەبینین و نەبینینی ڕەنـگ و تێربـوونی ڕەنـگ دەکات.

لەپێناسەی ڕەنگدا دەڵێت کە ڕەنگ بـوونێکی بـێ دەنـگ و بـێ چـرپەیە، زمانی ئەو جوانی و ڕازاوەیی سروشتە. هەر لە سیحری ئاسمان و ڕەنگی شـینی ڕووبارو دەریاوە تا دەگاتە هەموو جۆرە دارو درەخت و گوڵزارو باڵندە، گەردوون لێوان لێوە لە ڕەنگی جوان و سیحراوی. ئامـاژەیش بـەوە دەکـات کـە ڕەنـگ هەندێك جار دەبێتە هیمـاو سـیمبوڵ و کار لە ژیانی ڕۆژانـەی مـرۆڤ دەکـات. لەو ڕووەشەوە زانای هیندۆسی (دی بی گـار پـالتی) لـەڕووی زانـستییەوە سەلماندی کە تیشکی ڕەنگـاوڕەنگ لـە چارەسەرکردنی چەندین نەخۆشیدا ڕۆڵی هەیە. ڕوونیشی دەکاتەوە کە ڕەنگ بەم

شێوەیە پەیدا دەبێت: ڕەنگی سروشتی وەك ڕەنگی باڵندەو مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك میوەو ئاسمان و خاك و ئاو. ڕەنگی ئەو شتانەی کە مرۆڤ دروستیان دەکات یان دایاندەتاشێت وەك: کەلوپەل، پەیکەر، سیرامیك، گۆزە، مافوور، وێنە، تابلۆ، نەخش و نیگار. دەشڵێت ڕەنگ لە هونەری شێوەکاریدا لاسایی دیاردەکانی سروشت دەکاتەوە وەك ئەو ڕەنگانەی لە تابلۆی ڕۆنی و پەیکەرو گۆزەگەری و تەخریم و دارتاشیدا خۆ دەنوێنن.

لەئاوێتەکردنی ڕەنگیشدا چۆنیەتی تێکەڵکردنی ڕەنگەکان و ئەو ڕەنگانەی لێیان دەردەچن باس دەکات و چەند نموونەیەك دەهێنێتەوە لەوانەیش : زەرد لەگەڵ سوور دەبنە پرتەقاڵی، سوورو شین دەبنە وەنەوشەیی، سەوزو زەرد دەبنە گۆگردی، زەردو شین دەبنە سەوز. ئەوەیش ڕوون دەکاتەوە کە ڕەنگ سیفەتێك لەسیفەتەکانی تەن نییە، بەڵکو لەئاکامی هەستکردنی چاو بە شەپۆلی جیاجیا دێتە ئاراوە. لە بابەتی هونەرو ڕەنگیشدا باسی جۆرەکانی هونەر دەکات هەر لە جۆری هونەری بارککۆ و هونەری ڕۆککۆو ئەکادیزم و ڕۆمانتیکی و ڕیالیزم و ڕیالیزمی ڕەخنەییەوە بگرە تا دەگاتە ئیمپریسیانیزم و ئیکسپریسیانیزم و کۆبیزم و فووتووریزم و سریالیزم.

ئەوەیش دووپات دەکاتەوە کە ڕەنگ لەسروشتدا شتێکی بنەڕەتییەو بە دیدەو بەرهەست دەرکی پێدەکرێت و ڕووناکی هۆکارێکە بۆ ناسینی ڕەنگ و مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە خوو بە هەستکردن بە ڕەنگەوە دەگرێت و ڕەنگ کاریگەری بەسەر مرۆڤەوە هەیە لەوانەیش خێرایی لێدانی دڵ و فرەبوونی جووڵەی پێڵووی چاوو گۆڕانی جووڵەی هەناسەدان و جیاوازی ئەو نەخشە قەڵەمکێشیانەی بۆ مێشك تۆمار دەکرێن.

لە بابەتی کاریگەری ڕەنگ بەسەر ئاژەڵەوە باسی ئەزموونەکەی زانای سۆڤیەتی پێشوو (بافلۆف) دەکات کاتێك سەگێکی ڕاگرت و هەر ڕۆژەی ژەمێکی خۆشی پێ دەداو دەستەسڕێکی سووری بۆ ڕادەوەشاند. پاشان چەند ڕۆژێك تەنیا دەستەسڕەکەی بۆ ڕاوەشاند بێ ئەوەی ژەمەکەی پێ بدات بۆیە سەگەکە شێت و هار دەبێت و بە دوای ژەمەکەدا دەگەڕێت. لەمەشەوە دەردەکەوێت کە تەنیا ڕاوەشاندنی دەستەسڕە سوورەکە بەس بوو تا سەگەکە ئارەزووی خواردنی بکرێتەوەو لیك بە دەمیدا بێتە

خوارەوە. بەڵام ئەگەر دەستەسڕێکی دیکەی جیاوزای ڕابوەشاندایە سەگەکە بە هیچ جۆرێك گوێی نەدەدایەو خواردنی خۆشی بۆ دانرابایە بەبێ ڕاوەشاندنی دەستەسڕە سوورەکە هیچی نەدەبزواند. هەروەها باسی کاریگەری ڕەنگ بەسەر ڕووەکدا دەکات لەوانەیش تیشکی بەنەوشەیی یارمەتی گەشەکردنی تری دەدات ، تیشکی سوور یارمەتی شین بوونی دانەوێڵەو تۆو دەدات و ئەگەر تۆوی فاسۆلیای سەوز یان گێزەر یان کاهوو لە ناو سندووقێکدا بچێنین کە بە شووشەی سوور داپۆشرابێت ئەو تۆوانە زووتر شین دەبن لەو تۆوانەی لەسندووقێکدا بن بە شووشەی بەنەوشەیی داپۆشرابن.

هەر لەم بەشەدا تیشك دەخاتە سەر بواری پزیشکی و ڕەنگ و چارەسەرکردنی نەخۆشی بە تیشکی ڕەنگاو ڕەنگ کە ڕەنگ کاریگەری فسیۆلۆژی لەسەر گیانداران هەیە لەوانەیش ڕەنگی شین و پرتەقاڵی و زەردو سوورو دێتە سەر باسکردنی بیردۆزەکانی ڕەنگ و ڕاوبۆچوونەکانی هەندێك لە زانایان و ناوازەیی ڕەنگەکان و مرۆڤ چۆن سێ ڕەنگە سەرەتاییەکان دەبینێت و نەبینینی ڕەنگ و تێربوونی ڕەنگ.

دووەمین بەش لە چەند بابەتێك پێکهاتووە، لەوانە پۆلینکردنی ڕەنگ بە گوێرەی زانستی فیزیاو بازنەی شیکردنەوەی شەبەنگی هەتاوو بازنەی ئۆزۆڵد بۆ ڕەنگەکان و بازنەی ڕەنگە ئەکرۆماتیکەکان و ئاماژە بەوە دەکات کە نیووتن توانی تیشکی خۆر شی بکاتەوە پاشان ئۆزۆڵد لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش کردو کۆمەڵێك ڕەنگی پێکهێنا کە لە نۆسەد ڕەنگ کەمتر نەبوو و بە پێی بیردۆزەکەی خۆی ڕەنگە ڕووناکییەکانی کردە دوو بەشی سەرەکییەوە:

یەکەم چوار ڕەنگی سەرەکی لە شیکردنەوەی شەبەنگی هەتاودا سەرچاوەن کە ئەوانیش بریتین لە ڕەنگی زەردو سوورو شین و سەوز کە پێیان دەڵێن ڕەنگی کرۆماتیك یان ڕەنگی سەرەکی. دووەم ڕەنگی بێ لایەن یان خۆڵەمێشی کە لە دوو ڕەنگی ڕەش و سپی پێکدێت و باسی بازنەی ڕەنگەکانی ئۆزۆڵد دەکات و دێتە سەر تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی ڕەنگ و پلەی ڕەنگ و بۆیەو ڕەنگ و ڕەنگی گەرم و ساردو بێ لایەن و بازنەی ڕەنگ.

سێیەمین بەشی کتێبەکەی بۆ باسکردنی ڕەنگی ئاوی و تایبەتمەندی

ڕەنگی ئاوی و کەرەستەی پێویست بۆ نیگارکێشان بە ڕەنگی ئاوی و چۆنیەتی پاککردنەوەی پەڕەمووچی نیگارکێشان و شێوازی نیگارکێشان بە ڕەنگی ئاوی و چۆنیەتی جێگیرکردنی ڕەنگی ئاوی و چۆن پەڵە ڕەنگی ئاوی لە کاری هونەریدا چارەسەر دەکرێت.

لە چوارەمین بەشیشدا باسی ڕەنگی ڕۆنی و تایبەتمەندییەکانی و پێکهاتەی ڕەنگی ڕۆنی و چۆنیەتی ئامادەکردنی تابلۆ بۆ نیگاری ڕۆنی و چەسپکردنی قوماش لەسەر چوارچێوەو شێوازی مادەی ئامادەکراوی سەر قوماش و ئامرازەکانی نیگاری ڕۆنی و ڕۆن و سیکاتیف و وارنیش دەکات.

پێنجەمین بەشیشی بۆ ڕەنگی باستیل تەرخان کردووە کە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت: ڕەنگی باستیل، جۆرەکانی ڕەنگی باستیل، تایبەتمەندی ڕەنگی باستیل، کەرەستەی بەکارهاتووی باستیل، شێوازی هونەری نیگاری باستیل.

شەشەمین بەشیش بۆ نیگارکێشان بە ڕەنگی مۆم و ئامادەکردنی ڕووەکان بۆ نیگارکێشان بە ڕەنگی مۆم و ئامادەکردن و بەکارهێنانی ڕەنگی مۆم و تایبەتمەندییەکانی ڕەنگی مۆم تەرخان کراوە.

لە حەوتەمین بەشیشیدا باسی ڕەنگی ئەکریلیك و تیمپراو گواش و ئەکواریل و هونەری فوسەیفەسا و مۆزاییك دەکات و لە پێناسەی ڕەنگ و واتاکانی لای مرۆڤ لەژیانی کۆمەڵایەتی گەلان و ڕەنگ لە هونەری ئیسلامیدا دەدوێت.

هەشتەمین بەشیشی بۆ ڕووناکی و بەهای ڕووناکی و جۆرەکانی ڕووناکی و سێبەرو تاریکی و ڕووناکی بەهێزو تیژو بریقەدانەوەو ڕووناکی و ڕەنگ و ڕووناکی لەڕۆژدا و سەرچاوەی ڕووناکی لە سروشتدا و پەلکەزێڕینە چۆن پەیدا دەبێت، تەرخان کردووە.

هەرچی نۆیەمین بەشە ئەوە بابەتی هاوسەنگی ڕەنگ و نەگونجانی ڕەنگ و گونجانی ڕەنگ و جوولەی پێچاوپێچ لە هاوسەنگیدا لەخۆدەگرێت. ئەم بەشەیش بە کارێکی هونەری دەست کە نیگارکێشانە بەقەڵەمی ڕەنگ لەسەر هێلکە کۆتایی پێ دەهێنێت.

هەموو ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا لەبارەی ڕەنگەوە باس کراون بە تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی هونەرمەندانی شێوەکاری کورد چەتۆ حەسەن و جەوهەر محەمەد عومەرو سامان بەگۆك و هۆشەنگ عەبدولڕەحمان و بەهادین خدرو فەیسەڵ عوسمان و تاهیر عەزیز قادرو محەمەد عارف و دانیال قەساب و محەمەد ڕەزا

نەجەف زادەو توانا مەرجان و سلێمان شاکرو کەریم سابیرو جەمال حەمەدەمین و حوسێن عەبدوڵڵاو ڕزگار فەقێ عەولاو قەرەنی جەمیل و عەبدولڕەحمان وەحید گلحۆو ئارام خالیدو دەشتی جەنگی عەبدوڵڵاو عادل زرارو دارا محەمەد عەلی و واحید مەرجان و سەرکەوت نوورەدین و یەحیا مەرجان و بایز مستەفاو سەردار کێستەیی و هونەرمەندانی عێراقی عەبدولقادر ڕەسام و عاسم حافزو عەتا سەبری و فایەق حەسەن ڕازێنراونەتەوە جگە لە تابلۆو وێنەی ڕوونکردنەوەی دیکە.

ئەم کتێبە لە بارەی ڕەنگەوە زانیاری زۆر پێویستی بۆ مامۆستاو خوێندکار تێدایە، تەنانەت ئەوەی هونەرمەندیش نەبێت و پێوەندی بەهونەری شێوەکاریشەوە نەبێت سوودی باشی لێ دەبینێت و ئاگەداری ڕەنگ و چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەنگ لە تابلۆکێشاندا دەبێت و دەزانێت کام ڕەنگ ڕەنگی سەرەکییەو چۆن ڕەنگەکانی دیکە لەو ڕەنگە سەرەکییانە پێکدێن کە زۆر کەس نازانن چین.

# پڕۆژەیەك بۆ پێداچوونەوەی سیستمی نوێی خوێندن

محەمەد هادی دزەیی ( * )

## پێشەکی

ئاشکرایە هەموو سیستمێکی پەروەردەیی لە جیهاندا بە چەندین قۆناغ تێدەپەڕێت تا لە سنوورێکی دیاریکراودا دەچەسپێت و دەبێتە جێگەی متمانەی ئەم ولآتە، رادەی گونجاوی ئەم سیستمەش پەیوەستە بە ڕادەی گونجانی لەگەڵ فەلسەفەی کۆمەلآیەتی و لایەنە سیاسی و ەرۆشنبیرییەکانی ئەو میللەتەی کە لەسەر بنەمای سیستمی پەروەردەی نەوەی داهاتوویان دادەرێژرێت . هیچ سیستمێکی خوێندن بێ کەموکوڕی نابێت و لە هەندێك لایەن بەدەر نییە کە پێویستیان بە گۆڕین هەیە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو سیستمە لە سەرەتای پەیڕەو کردندا بێت، بۆیە بە پشت بەستن بەو ئەزموونەی کە چەندین ساڵە لە مەیدانی

پەروەردە و فێرکردندا هەیە و بەو تێکەڵاوییەم لەگەڵ ناوەندەکانی خوێندندا بەهۆی سروشتی کارەکەم و بە پرس و ڕاکردن بە کۆمەڵێك لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان و شارەزایانی بواری پەروەردە و فێرکاری هەوڵم دا ئەو خاڵانە دەستنیشان بکەم کە بوون بە جێگەی پرسیار لای ئەوکەسانە ڕاستەوخۆ لە بواری پەروەردەدا کاردەکەن بۆ ئەوەی پسپۆران لە وەزارەت پێیدا بچنەوە.

ئێمە لە کارەکانماندا بەوەوە نەوەستاوین تەنیا لایەنە ناکۆکەکان دەستنیشان بکەین ، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمان داوە ڕێگە چارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان بدۆزینەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ ئەوەی کارەکەمان بەربڵاوی پێوەدیار نەبێت، بۆیە هەوڵم داوە بە چەند دەروازەیەك بابەتەکە بخەمە ڕوو کە هەریەکەیان لایەنێك لە پەروەردەی هاوچەرخ دەگرێتەوە و گرفتێکی پەروەردەیی چارەسەر دەکات بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئامانجانەی هەوڵی بۆ دەدەین، کە ئاشکرایە هەوڵ و ماندووبوونی هەموومان بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، بۆ بنیادنانی نەوەیەکی ڕەوشت بەرزە و نیشتیمان پەروەرە، لە ڕووی ڕەوشتەوە نیشتمانپەروەرو لەەڕووی زانستیشەوە داهێنەر بێت، بۆ ئەوەی ئەزموونی گەلەگەشمان بە شێوەیەکی ئاسایی بەرەو پێشەوە بچێت.

## دەروازەی یەکەم:
## سیستمی نوێی خوێندن و ڕادەی گونجانی لەگەڵ ڕەوشی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان

لەو سەرباسەوە دەمەوێت ڕادەی گونجاوی ئەو سیستمە دەستنیشان بکەم لەگەڵ ئەو فەرهەنگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینیەی کە ئێمە هەمانە، بەو پێیەی ئەم سیستمە لە بنەڕەتەوە لە وڵاتێکی ئەوروپاوە وەرگیراوە، کە بێ گومان لەم لایەنانەوە جیاوازی زۆریان لەگەڵ ئێمە هەیە ، کە ئەمەش بەو واتایە نییە کە هەر

شتێك لەدەرەوەی فەرهەنگی ئێمە بێت ڕەت بکرێتەوە، بەڵکو بەو واتایەی کە ئێمە ئەو شتانە وەربگرین کە کاردانەوەی نەرێی نابێت لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمە .

لە سیستمی نوێی خوێندندا دوو قۆناغی خوێندن دەستنیشان کراوە و ئیشی لەسەر کراوە کە ئەمانیش ( قۆناغی بنەڕەتی پۆلی 1 – 9 دەگرێتەوە ، قۆناغی ئامادەیی پۆلەکانی 10 و 11 و 12 دەگرێتەوە ) ئەگەر ئێمە ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەینەوە، دەبینین تا چەند ساڵێك لەمەوپێش سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە و حکوومەتی هەرێم بەو ئاراستەیە بووە کە کادیری پەروەردەیی بۆ دوو قۆناغی هاو ئاست ئامادەبکات لە پێویستی ( سەرەتایی 6 قۆناغی خوێندن ، دواناوەندی 6 قۆناغی خوێندن )، بەڵام بە پێی ئەم سیستمە ڕێژەکە زۆر جیاوازە ( بنەڕەتی 9 قۆناغی خوێندن ، ئامادەیی 3 قۆناغی خوێندن)، کە ئەمەش پێویست بوو پێش دەستکردن بەو سیستمە کادیری پێویست ئامادەکرابایە، بۆئەوەی بۆشایی لە ناوەندەکانی خوێندن دروست نەبووایە، بۆ چارەکردنی ئەم کێشەیە وەزارەت پەنای بەر دابەشکردنی قۆناغی بنەڕەتی بردووە بەم شێوەیە ( پۆلەکانی 1 تا 6 ) ( پۆلەکانی 7 تا9 ) کە ئەم دابەشکردنە زیاترلە80٪ ی قوتابخانەکانی هەرێم دەگرێتەوە ، بێ گومان ئەمەش زیانی زۆرە، چونکە ستافی ئەم دوو جۆر قوتابخانە لە ڕووی پەروەردە و ڕاهێنان و هەڵسوکەوت و بەڕێوەبردنی قوتابخانەوە جیاوازن، بۆیە لە بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە قوتابخانانەدا چەندین نەگونجاوی دەبینین، ئەگەر بە خاڵ ڕوونی بکەینەوە دەتوانین ئەم لایەنانە دەستنیشان بکەین :

1. نەبوونی بینای تایبەت لە هەرێمی کوردستان بۆ لەخۆ گرتنی قۆناغی بنەڕەتی کە هەر (9) قۆناغ بگرێتەوە.

2. نەبوونی کادیری پسپۆڕی پێویست بۆ ئەم جۆرە قوتابخانانە .

3. نەبوونی میکانیزمی گونجاو بۆ گوتنەوەی بابەتە زانستییەکان وەك : تاقیگە ، باخچە ، کەرەستەو پێداویستییەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان تا بەشێوەی پراکتیکی فێر بکرێن.

4. کاتی دەوام کردن بەپێی ڕێنماییەکانی ئەم سیستمە نابێت قوتابی کەمتر لە 6 کاتژمێر لە قوتابخانە دەوام بکات، بەڵام لێرە دەبینین زۆر لەوە کەمتر دەوام دەکرێت، کە ئەمەش گرفتێکی گەورەیە رووبەرووی ئەم سیستمە دەبێتەوە .

5. هەوڵ بدرێت بە سوود وەرگرتن لە کەرتی تایبەت قوتابخانە دروست بکرێت، وەکو مەرجێك بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان وەك نموونەی وڵاتی تورکیا.
6. لە گوندو جێگە دوورە دەستەکان قوتابخانەیەکی مەرکەزی دروست بکرێت، کە قوتابیانی چەند گوندێك لەخۆ بگرێت و هاتوچۆیان بۆ دابین بکرێت، ئەوە لەوە چاکترە چەند قوتابخانەیەکی ناتەواو دروست بکرێت.
7. هەرچەندە ئیستا تیبینی دەکرێت دیاردەی هەلاتن لە قوتابخانە کەم بووەتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئاستی خوێندن نزم بووەتەوە. بۆیە دەبێت نزم بوونەوەی ئاستی قوتابیان چارەسەر بکرێت.
8. دیاردەی ( اجتهادات ) زۆربووە، دەبینین دەستەی کارگێڕی قوتابخانەکان، یان سەرپەرشتیارەکان، یان لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان هەر یەکەیان لە بەرژەوەندی خۆیان بریارەکانی وەزارەتی پەروەردەشی دەکەنەوە، کە زۆربەیان بەشێوەیەکی گشتی باسی لایەنە پەروەردەییەکان دەکەن.
9. زۆر پێویست بوو ئەم سیستمە لەسەر چەند قوتابخانەیەکی تایبەت تاقی کرابایەتەوە پێش ئەوەی بە بڕیارێك لە گشت قوتابخانەکانی هەرێم پەیڕەو بکرێت، بۆ ئەوەی بە کردار ڕادەی گونجانی دەرکەوتایە. ئەو کات پسپۆرانی بواری پەروەردە ئاسانتر کێشەکانیان چارەسەر دەکرد.

## دەروازەی دووەم : تاقیکردنەوەکان

یەکێك لەو لایەنە بەرچاوانەی کە لە سیستمی نوێدا گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا هاتووە سیستمی ئەزموونەکانە کە دەتوانین ئەم تێبینییانەی خوارەوەی لەسەر تۆمار بکەین .

لە بەندی (18) لە سیستمی قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا دەڵێت (( تاقیکردنەوەکان پێوەری کۆنترۆڵکردن نین، بەڵکو یەکێکن لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون، لە پێناو گەیاندنی قوتابی بە ئامانجەکانی )) لێرەدا دەتوانین چەند پرسیارێك لەسەر ناوەرۆکی ئەم بەندە بکەین وەك:

1. ئایا تاقیکردنەوەکان پێوەر نین بۆ کۆنترۆڵ کردن؟ ئەی چۆن بتوانین ئاستی قوتابیان دیاری بکەین، لە کاتێکدا هەر پۆلێك لە قوتابخانەکانی ئێمە زیاتر لە ( 50 ) قوتابی تێدایە؟
2. ئایا مامۆستا دەتوانێت بێجگە لە تاقیکردنەوە بەدیلێکی تر بدۆزێتەوە؟
3. ئایا ئەو قوتابییە متمانەی بە جۆرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن هەیە، لە کاتێکدا دەزانێت لە پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەك دەبێتەوە، کە هەموو داهاتووی ژیانی لەسەر بەندە؟
4. ئایا چی کراوە جێگەی تاقیکردنەوە بگرێتەوە، حەز دەکەم نموونەیەك لەم سیستمە نوێیە بهێنمەوە، بۆ ئەوەی بە کردار ئەم هاوکێشەیە ببینین :
بەپێیی ئەم سیستمە نوێیە هەر وەرزێکی خوێندن بەم شێوەیە
نمرەی وەرزێك = 15نمرە هەڵسەنگاندن + 20نمرە تاقیکرنەوە + 15 نمرە هەڵسەنگاندن + 50 نمرە تاقیکرنەوە
لەم 15نمرەی هەڵسەنگاندنەش زۆربەی مامۆستایان بەم جۆرە دابەشی دەکەن
5 نمرە کیوزی ڕۆژانە + 5 نمرە چالاکی پۆل + 5 نمرە کیوزی ڕۆژانە
ئەگەر ئێمە سەیری ئەم هاوکێشەیە بکەین دەبینین لە 100 نمرەی وەرزێك 90 نمرەی بە تاقیکرنەوە دادەنرێت، ئەی ئەگەر ئەمە پێوەر نەبێت ئەی چییە؟
ئێستاش چەند تێبینییەکی دیکە لەسەر ئەزموونەکان تۆمار دەکەم کە ڕۆژانە تووشمان دەبن :
1. دەرچوونی قوتابی لە پۆلی ( 1 – 2 – 3 ) ی بنەڕەتی لە بەرژەوەندی قوتابیدا نییە، بە تایبەتی ئەوانەی ئاستیان نزمە، چونکە لە پۆلی چوارەم تووشی گرفتێکی گەورەتر دەبنەوە.
2. نەمانی ئەزموونی گشتی لە پۆلی 6 و 9 ی بنەڕەتی کە پێشتر تاڕادەیەك ئاستی زانستی قوتابخانە بنەڕەتییەکانیان ڕاگرتبوو .
3. بە پێی ئەم سیستمە هەر وەرزێکی خوێندن دوو تاقیکردنەوەی هەیە، یەکیان لە کۆتایی نیوەی یەکەم (20نمرە ) ئەوی دیکەیان لە کۆتایی وەرز (50نمرە ) بۆیە مامۆستا ناتوانێت بواری زۆرتر لەبەردەم قوتابیدا بڕەخسێنێت، بۆئەوەی وردتر هەڵسەنگاندنەکانی ئەنجام بدات .

4. لە سیستمی نوێدا تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ نەماوە، لەبری ئەو تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز هەیە، کە ئەمەش لەلای قوتابی و مامۆستا ئەو گرنگییەی نییە چونکە :
أ. نمرەی ئەم تاقیکردنەوەیە (50)یە نەك (100) نمرە.
ب. قوتابی ئەم تاقیکردنەوەیە بە تەواوکەری وەرزی یەکەم، دەزانێت نەك وەکو قۆناغێکی سەربەخۆ بۆ پەڕینەوە بۆ پلەیەکی دیکە.
ت. خۆ ئامادەنەکردن لەلایەن پەروەردەو کارگێڕی قوتابخانەکانەوە بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە بەشێوەیەکی گونجاو .
پ. نەبوونی پێداویستییەکانی تاقیکردنەوە وەك چاپکردنی پرسیار و تێنووسی ئەزموونەکان.
ج. لە قۆناغی ئامادەیی تێنووسی ئەزموونەکان لەلایەن کۆنترۆڵی بچووکەوە دەپشکنرێت کە لە چەند قوتابخانەیەکی ناوچەیەك پێکهاتوون کە ئەمەشیان چەند لایەنێکی ئیجابی هەیە ئەگەر میکانزمێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام بەم شێوەیەی ئێستا هەیە کۆمەڵێك گیروگرفتی بۆ کارگێری قوتابخانە دروست کردووە لەوانە:
أ. نەبوونی یاسایەك لە وەزارەتی پەروەردە کە کاری ئەم کۆنترۆڵانە ڕێك بخات .
ب. نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ کاری ئەم کۆنترۆڵانە.
ت. نەبوونی پێداویستییەکان وەك هەر کۆنترۆڵێك.
پ. نەبوونی کاتێکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی پشکنینی تێنووسەکان .
ج. نەبوونی هیچ بەرانبەرێك بۆ ماندووبوونی بەڕێوەبەر و ئەندامانی کۆنترۆڵ و مامۆستایانی بەشداربوو.
ح. کاتی ئەنجامدانی ئەم تاقیکرنەوەیە زووە لە( 15 ی 12 ) دەست پێدەکات، چونکە قوتابی هێشتا بابەتێکی وای نەخوێندووە کە بۆ ئەم ئەزموونە بشێت، بۆیە واچاکتر لە کۆتایی مانگی (1) بێت .
5. بوونی پەڕینەوە ( عبور ) لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە وا دەکات قوتابی بایەخ بە یەکێك لە بابەتەکان نەدات، ئەمەش ئاستی زانستی قوتابی نزم دەکات .

6. ئەزموونی نیشتمانی وەك ئەو شێوەیەی ئیستا هەیە نەبوونی باشترە ، چونکە هیچ هەڵسەنگاندنێکی تێدا نییە، گەلێك جار قوتابی ئاست نزم دەردەچێت و قوتابی زۆر بەتوانا دەرناچێت، جۆری پرسیار و میکانیزمی بەڕێوەبردنەکەی هیچ ئامادەکاری بۆ ناکرێت هەروەها لە کاتێکی نەگونجاودا ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە پارساڵ لە 16-4-2009 ئەنجام درا کە هەموو بابەتی خوێندنی لە خۆ گرتبوو، بۆیە دەبوایە لەو بەروارەدا قوتابخانەکان پرۆگرامی خوێندن تەواو بکەن، هەرچەندە نزیکەی 25 ڕۆژ بۆ ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ مابوو.
7. نەهێشتنی سیستمی دووبارەبوونەوە ( عدم الرسوب ) لە خولی یەکەم لە گشت بابەتەکان بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، چونکە زۆربەی ئەو قوتابیانەی ئەو بڕیارە دەیانگرێتەوە لە خولی دووەمیش ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، هەروەها ئەرك و ماندووبوونێکی زۆریش دەکەوێتە سەر باڵی مامۆستا و کارگێڕی قوتابخانە و وادەکات ئەزموونەکانی خولی یەکەم ئەو بایەخەی پێ نەدرێت( پاشکۆی ژمارە(2) ئامارێکی پەروەردەیی بۆ سێ قوتابخانە دەردەخات کە ئەم سیستمی دووبارەکردنەوەیە هیچ سوودێکی بۆ قوتابی نییە).
8. لەگەڵ ئەنجامدانی گزی ( قۆپیە ) لە کۆتایی وەرزەکاندا قوتابی ئەو ساڵە بە دەرنەچوو دابنرێت، توانای ئەوەی نەبێت لە خولی دووەم ئەزموونەکان دووبارە بکاتەوە ، بۆ ئەوەی ڕێ لە دیاردەی قۆپیە بگیرێت .
9. بۆ ئەزموونە گشتییەکان پلانێکی گونجاو دابنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی هۆڵەکان و نەهێشتنی دیاردەی قۆپیەکردن کە ئیستا وەك پەتایەك لەناو قوتابییان بڵاوبووەتەوە.
10. لەکاتی ئەنجامدانی ئەزموونە گشتییەکاندا هۆڵی تایبەت بە قوتابیانی قوتابخانەکانی ئێواران ئامادە بکرێت، چونکە زۆربەی ئەو کێشانەی کە باری هۆڵی ئەزموونییەکان تێکدەدەن هۆکارەکەی قوتابیانی ئێوارانن .
11. چاپکردنی بۆردی نمرەکان و کەلوپەلی تاقیکردنەوە لەکاتی خۆیدا.

## دەروازەی سێیەم : پرۆگرامی خوێندن

لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵێکی زۆر بۆ بەرەوپێشەوەبردنی پرۆگرامەکانی خوێندن دراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی لایەنەکانی دیکەی ژیاندا بگونجێت ،

ئێمە ئەم هەوڵانە بەرز دەنرخێنین، بەڵام جێگەی ئاماژەیە ئەم هەوڵانە بێ کەموکوڕی نین و پێویستە دەسنیشان بکرێن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.

1.زۆربەی پرۆگرامەکانی خوێندن بە تایبەتی بابەتە زانستییەکان لە زمانێکی دیکەوە وەرگێڕراون و کەم و زۆر پێوەندییان بە ژینگەی قوتابییەوە نییە لە هەرێمی کوردستان .

2.ئەم پرۆگرامە نوێیانە پێویستییان بە تاقیگەی تایبەت هەیە لە بوارەکانی ( کیمیا – فیزیا – زیندەوەرزانی- جیۆلۆجی . . . . ) کە لە زۆربەی زۆری قوتابخانەکاندا نییە.

3.کادیری ڕاهێنراو لەسەر گوتنەوەی ئەم پرۆگرامانە نییە.

4.ڕێژەی قوتابیان لە هۆبەیەکدا لە زۆربەی زۆری قوتابخانەکانی هەرێم لەگەڵ فێرکردنی ئەم پرۆگرامەدا ناگونجێت، لەبەر ئەوەی ناتوانرێت شێوازی (گرووپ) پەیڕەو بکرێت.

5.زۆربەی ئەم کتێبانە وەرگێرانێکی وشکیان بۆ کراوە، کە لە ڕووی زمانەوانییەوە لاوازن .

6.ئەم پرۆگرامانە بۆ سیستمێك دەشێن، کە تێیدا ڕۆژانە قوتابی بەلایەنی کەمەوە (6) کاتژمێر لە قوتابخانە بەسەر ببات، نەوەك ئەو قوتابخانانەی ئێمە کە (سێ ) دەوامی پێ دەڵێن و قوتابی لە (3) کاتژمێر زیاتر ناخوێنێت، بۆیە دەبینین زۆر لەو پرۆگرامانە بە نیوەچڵی لە کۆتایی ساڵدا وازیان لێ دەهێنرێت.

7.ئامادەنەکردنی قوتابی لە باخچەی ساوایان بۆ ئەوەی لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بتوانێت لەگەڵ ئەم پرۆگرامەدا ڕابهێنرێت.

8.پەرتووکی قوتابیانی پۆلی ( 1 تا 6 ) ی بنەڕەتی لەبارەی قەبارەوە بۆ ئەو تەمەنەی قوتابی شیاو نییە.

9.وانەی هونەر و وەرزش لە زۆربەی زۆری قوتابخانەکان وەك پێویست بایەخیان پێ نەدراوە، هەوڵ بدرێت پرۆگرامێك بۆ وانەکانی وەرزش و هونەر دابنرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی کەمتەرخیدا لێپرسینەوە لەگەڵ مامۆستایانی ئەم بوارەدا بکرێت.

10.هەندێك لە پرۆگرامەکان هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە، بەتایبەتی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی.

## دەروازەی چوارەم : بەڕێوەبردن و کارگێڕی

1.لە کاتی دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانە لایەنی لێهاتوویی و ئەزموونی بەڕێوەبەر ڕەچاو بکرێت .
2.هەوڵ بدرێت توانای کارگێڕی بەڕێوەبەرەکان زیاد بکرێت بە کردنەوەی خولی تایبەت بۆیان .
3.پێوەندی نێوان کارگێڕی قوتابخانەکان و وەزارەتی پەروەردە بەهێز بکرێت .
4.هەول بدرێت ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری لە وەزارەتی پەروەردە هەبێت، چەند بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو لە خۆ بگرێت و بۆ بەرەوپێشەوەبردنی لایەنی کارگێڕی مانگانە کۆبوونەوەیان هەبێت.
5.هەوڵ بدرێت بەدواداچوون بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان بکرێت و ئیش و کارەکانیان هەڵبسەنگێنرێت.

## پێشنیازێك بۆ کۆنفرانسی پەروەردەیی

1. یەکەی سەرپەرشتیکردن لە پەروەردەکان ئەکتیڤ بکرێت و دەسەڵاتی زیاتریان هەبێت .
2. لە دانانی سەرپەرشتیارەکاندا ڕەچاوی توانای پەروەردەیی و خزمەتیان بکرێت و دۆسیەکان بەهەند وەربگیرێت.
3. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنی کەموکوڕی زۆرە و هەموو کات کتێب و چاپەمەنییەکان لە کاتێکی زۆر درەنگدا دەگەنە قوتابخانەکان .
4. لە سیستمی دابەشکردنی مامۆستایانی تازە دامەزراودا کەموکوڕی هەیە، بۆ نموونە لە پەروەردەی دەشتی هەولێر وەکو پێویست حیسابی بۆ نەکراوە، لەبەرئەوەی تەنیا ئەو مامۆستا ئافرەتانەی بۆ دادەنێن کە مێردیان کردووە، ئەمەش گرفتێکی گەورە بۆ ئەم پەروەردەیە دروست دەکات، لەبەر ئەوەی دوای ماوەیەکی کەم زۆربەی ئەم مامۆستایانە مۆڵەتی دایکایەتی وەردەگرن.

5.کار بۆ دانانی یەکەی ڕاهێنان و مەشق لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان دەست پێ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی دەستەی کارگێڕی قوتابخانەکان مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکرێت.

## دەروازەی پێنجەم : لایەنی پەروەردەیی منداڵ

وەك ئاشکرایە ئەم سیستەمە نوێیە پێگە بنچینەییەکانی لە سیستەمی خوێندنی وڵاتی سوید وەرگیراوە * ( بڕوانە پاشکۆی ژمارە 1 سیستەمی خوێندن لە وڵاتی سوید ) ئەگەر بەراوردێك لەگەڵ ئەم سیستەمەدا بکەین، دەبینین لەوێ بایەخێکی زۆر بە لایەنی پەروەردەیی منداڵ دراوە، بە تایبەتی قۆناغەکانی پێش خوێندن ، هەروەها بایەخ بە چالاکییەکان دراوە و ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ دانراوە . بۆیە پێویستە لە قۆناغی بنەڕەتیدا بایەخێکی زیاتر بە بواری پەروەردەکردنی منداڵ لە لایەنی دەروونی و جەستەییەوە بدرێت و هەوڵ بدرێت شارەزایی کادیرەکانی فێرکردن زیاد بکرێت ئەویش بە کردنەوەی خولی تایبەتی بۆیان ، هەروەها نەخشەسازی دروستکردنی بینای قوتابخانەکان بگۆڕرێت بۆ ئەوەی قوتابی لە قوتابخانە هەست بە ئارامی پتر بکات.

جیاوازییەکی دیکەی نێوان ئەم دوو سیستەمە لە پێگەیاندنی کارمەندی پیشەییدا دەبینرێت، لەوێ قوتابی دوای دەرچوونی لە خوێندنی پیشەیی بە پێی ئامارێك لە هەر 10 قوتابیان 9 قوتابی لە بواری کارامەیی خۆی کاردەکات، بەڵام لێرە لەبەر پشتگوێ خستنی ئەم ئامادەییە پیشەییانە، دەبینین ڕێژەیەکی زۆر کەمیان سوود لە پسپۆرییەکانی خۆیان وەردەگرن، بۆیە زۆر پێویستە ئاوڕێکی جیدی لەم ئامادەییانە بدرێتەوە، بۆ ئەوەی کادیری بەتوانا پێ بگەن، ئەگەر وەزیفەی میریشیان نەبێت، با پسپۆرییەکیان لە کەرتی تایبەتدا هەبێت، بۆ سوودی نیشتمانەکەیان بەکاری بهێنن.

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ژمارەی ئامادەییە پیشەییەکان زیاد بکرێت، بایەخ بە پسپۆری بدرێت ، هەلی کارکردنیان بۆ دابین بکرێت، بەتایبەتی دوای ئەم بڕیارەی وەزارەتی پەروەردە، کە هەر قوتابییەك ڕێژەی نمرەکانی 60٪ کەمتر بێت ناتوانێت خوێندنی ئەکادیمی تەواو بکات.

# دەروازەی شەشەم : بارودۆخی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆری لە هەرێمی کوردستان

## پێشەکی

پێناسەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:

لە چەمکی کلاسیکی پەروەردەیی مانای پشکنین دەبەخشێت، ئەمەش درزی خستووەتە نێوان مامۆستا و سەرپەرشتیارەوە ، چونکە سەرپەرشتیار وەکو دەسەلات بۆ لێپرسینەوە و چنینی هەڵەکان هاتووە ، نەوەك ڕاستکردن و یارمەتیدان ، لە چەمکی نوێدا سەرپەرشتیاری پتر مانای هاوکاری مامۆستا و ئیدارە لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەبەخشێت و بۆ خودی مامۆستا و ڕێنماییە نوێکان دەبێتە پاڵپشت و گۆڕانکارییەکانی سەردەمی پێدەگەیەنێت.

یەکەی سەرپەرشتیاری بۆچی پێویسە ؟

هەرچەندە لێرەو لەوێ قسەی هەمەجۆر لە بارەی پێویست نەبوون بە یەکەی سەرپەرشتیاری دەوترێت، بەڵام ئەم دەزگایە ئەگەر کارا بکرێت ڕۆڵی گرنگی لە

پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا دەبێت، وەك لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژەی پێ دەکەین:

1. چاودێری بەردەوامی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و دۆزینەوەی هۆکارەکانی گەشەپێدانی .

2. بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی بەدواداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ پێکانی ئامانجە پەروەردەییە دەسنیشانکراوەکان و ڕاستکردنەوەی پرۆسەکە لەکاتی پێویستدا.

3. ئەڵقەیەکی گرێدانە لەنێوان سەرچاوەکانی بڕیاری پەروەردەیی و ئیدارە و مامۆستایانی قوتابخانەکان .

4. بۆ پێگەیاندنی نوێترین گۆڕانکاریی جیهانی پەروەردە بە مامۆستایان و ئیدارەی قوتابخانەکان.

5. بۆ دەستنیشانکردنی خاڵەکانی لاوازی سیستمی پەروەردە و فێرکردن و هەڵسەنگاندنی لە بواری پراکتیزەییدا و دۆزینەوەی چارەسەرییەکان.

6. هاوکاریکردنی ئیدارەی قوتابخانەکان لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە هەنووکەییەکان.

7. ئامادەکردنی باس و لێکۆڵینەوە لەمەڕ ڕەوشی پرۆسەی پەروەردە لەبەر ڕۆشنایی داتا ڕەخساوەکانداو پێشکەش کردنیان بە لایەنەکانی بڕیاری پەروەردەیی.

## بۆچی سیستمی یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە هەرێم دواکەوتووە؟

1. لاوازی ڕێوشوێنی دامەزراندنی خودی سەرپەرشتیارەکان، واتە گوێ نەدان بە مەرجە دروستەکانی کەسایەتی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، کە بۆ پاراستنی هەیبەتی سەرپەرشتیار زۆر پێویستە.

2. دەستێوەردانی لایەنە ناپرۆفیشنەڵەکان لە پرۆسەی دانانی سەرپەرشتیاران و دابەشکردنیان .

3. کەمکردنەوەی دەسەڵاتی یەکەی سەرپەرشتیاری لە ڕووی ئیداری و گوێنەدان بە ڕاسپاردەکانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەوە.

4. زۆری ئەرك و ڕاسپێرراوەكانی سەرپەرشتیاران، كە بەدواداچوونیان بۆ بكات لە كاتی رەخساو و توانای یەك سەرپەرشتیار زۆرترن.

5. نەبوونی هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی ئەركی سەرپەرشتیاران، واتە جیانەكردنەوەی چالاك و ناچالاكەكان كۆشش و توانای سەرپەرشتیارە چالاكەكانی بزركردووە.

6. نەبوونی بەرنامەی تایبەت بە پەرەپێدانی ئاستی سەرپەرشتیاران و چۆنیەتی شوێنكەوتنی پێشكەوتن و تەكنەلۆژیاو زانستی هاوچەرخ بووەتە مایەی چەقبەستنی زۆرینەی سەرپەرشتیاران لە خاڵێكی دیاریكراودا.

7. لەلایەن هەندێك لە لێپرسراوانی پەروەردەوە یەكەی سەرپەرشتیاری وەك ئەڵقەیەكی ناپێویست دادەنرێت و بووەتە هۆی ئەوەی كەسایەتی ئەم یەكەیە پتر لاواز بێت.

8. ئەم هۆكارانە بوونەتە مایەی پشتگوێ خستنی ئەركە ئاساییەكان لەلایەن خودی یەكەی سەرپەرشتیارییەوە.

9. پشتگوێ خستنی بەدواداچوونەوەی زانستی لەلایەن خودی هەندێك سەرپەرشتیارانەوە بووەتە مایەی دابچراندنیان لە زانیاری نوێ و پێداویستییە هاوچەرخەكانی پرۆسەی سەرپەرشتیاری.

## چارەسەرییەكان

1. پێداچوونەوەی سەرجەم مەرجەكانی دانانی سەرپەرشتیاران بۆ بە خۆ گرتنی كۆمەڵێك خاڵی زانستی لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێت.

2. نەهێشتنی دەست تێوەردانی لایەنە نا پیشەییەكان لە پرۆسەی دانانی سەرپەرشتیاراندا.

3. گەشەپێدانی گیانی هەماهەنگی لە نێوان بەڕێوەبەرەكانی پەروەردەو یەكەی سەرپەرشتیاراندا.

4. گەیاندنی سەرجەم (گشتاندنەکان) کە لە دیوانی وەزارەت و بوڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکانەوە دەردەچن بە یەکەی سەرپەرشتیاری و پێویستە سەرپەرشتیار پێش خەڵکانی دیکە لەو ڕێنماییانە ئاگاداربێت.

5. زۆر کردنی دەستەلاتی یەکەی سەرپەرشتیاری و کاراکردنی چالاکییەکانیان.

6. کەمکردنەوەی ئەرکی سەرپەرشتیاری لە ڕووی ژمارەی مامۆستاو قوتابخانەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرێکی کارەکان ئەنجام بدرێن.

7. کردنەوەی کتێبخانەی سەردەمیانە بۆ یەکەی سەرپەرشتیاری و هاندانی سەرپەرشتیاران بۆ خوێندن و بەدواداچوونەوەی زانیاری هاوچەرخ لە بواری پەروەردەو فێرکردندا.

8. کردنەوەی خولی وەرزی ڕاهێنان لەسەر ئاستێکی پێشکەوتوو بۆ سەرپەرشتیارن تا سەرپەرشتیاران لە گۆڕانکارییەکان دانەپچڕێن.

9. پێشنیاز دەکەین هەر سەرپەرشتیارێك ساڵانە لە پسپۆری خۆی توێژینەوەیەکی زانستی لە سیمینارێکدا پێشکەش بکات، بەمەبەستی ئاشناکردنی ئامادەبووان لە مەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابی و قوتابخانەو پرۆگرام و زانیارییە سەردەمییەکانی تەکنەلۆژیای فێرکردن.

10. پێویستە ئامانجەکانی سیستمی پەروەردەیی هاوچەرخ و فەلسەفەی پەروەردەیی بۆ سەرپەرشتیاران ڕوون و شەفاف بێت کە (قوتابی) دەکرێتە نموونەی ناوەند، واتای ئەم پرسە لە ڕووی چۆنیەتی بەخۆگرتنی هزری ڕەخنەگرتن و لێپرسراویەتی پاراستنی تایبەتمەندی بەرانبەر بەها ئایینی و کۆمەلآیەتییە بەنرخەکان و چۆنیەتی گەشەپێدانی بنەما سەرەکییەکانی سەردەم لە ڕەوشی قوتابخانەکاندا.

## پاشکۆی ژمارە ( 1 ) سیستمی خوێندنی سویدی

http://www.nyiostergotland.se/sorani/3detsvenskautbildningssystemet.4.bb8249a124f3452fe8800082.html

### سیستمی خوێندنی سویدی ( Det svenska utbildningssystemet )

### پلەی پێش خوێندنگە (Förskola)

پلەی پێش خوێندنگە بۆ ئەو منداڵانەیە کە هێشتا نەچوونەتە خوێندنگەی سەرەتایی. منداڵ دەتوانن یان بچنە پێش خوێندگە و یان پێش خوێندگەی کراوە. پێش خوێندگە دەبێ پشتگیری بداتە منداڵ و وا بکات کە باوك و دایکەکان کاری خۆیان یان خوێندنەکەیان بکەن، شارەوانی دەبێ ئاگای لەوەبێت کە هەموو منداڵانی تەمەن یەك ساڵ شوێنیان لە پێش خوێندنگە بۆ دابین

بکرێت ئەگەر دایك و باوکی منداڵەکان کار یان خوێندنیان هەبوو.
ئەگەر دایك و باوکەکان بێکاریش بن هەر پێویستە منداڵەکانیان بەلای کەم رۆژی 3 سەعات له پێش خوێندگە شوێنیان بدرێتێ بەڵام هەرە زۆرەکەی 15 سەعات لە هەفتەیەکدا.
پێش خوێندگەی کراوە بۆ ئەو منداڵانەیە کە ناچنە پێش خوێندگەی ئاسایی.
بۆ پێش خوێندگەی کراوە منداڵەکە لەگەڵ دایکی و یان باوکی دەچێت.
دایك و باوکەکان خۆیان بڕیار دەدەن کەی دەچن یان ناچن.
منداڵ دەتوان بچنە شوێنی منداڵداری لە بنەماڵەیەکدا، (Familjedaghem). لەمماڵەدا دایکێك یان باوکێك منداڵی تر دێتە لایان و لە ماڵەکەیاندا ئاگایان لەو منداڵانە دەبێت.

**پۆلی پێش خوێندنگە (Förskoleklass)**

ئەم پۆلانە بۆ ئەو منداڵانەن کە تەمەنیان 6 ساڵی پڕ کردۆتەوە و یان زۆریان نەماوە ببنە 6 ساڵ.
منداڵ یەك ساڵ دەچنە ئەم پۆلی پێش خوێندنگەیە پێش ئەوەی بچنە خوێندنگەی سەرەتایی.

**خزمەتگوزاری منداڵی خوێندنگە (Skolbarnomsorg)**

خزمەتگوزاری خوێندنگە ئەو منداڵانەیە کە دەچنە خوێندنگە تا تەمەنیان 12 ساڵ پڕ دەکاتەوە.
خزمەتگوزاری منداڵی خوێندنگە ئەم شێوانەن:
ماڵی چالاکی کاتی بەتاڵ
منداڵداری لە بنەماڵەیەکدا
چالاکی کاتی بەتاڵی کراوە

مالی چالاکی کاتی بەتاڵ (Fritidshem)

ماڵی چالاکی کاتی بەتاڵ پێشوازی لەمنداڵان دەکات پێش کاتی خوێندنگە و پاش کاتی خوێندنگە و هەروەها کاتی پشووی خوێندنگە.

ماڵی چالاکی کاتی بەتاڵ ئاگای لەوە دەبێ کە منداڵەکان لەکاتی بەتاڵیدا شتێکی باش و بەسوود بکەن.

**خوێندنگەی سەرەتایی (Grundskola)**

خوێندنگەی سەرەتای 9 ساڵە.

لە سوید خوێندن بە ئیجباریە

ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەموو منداڵان

دەبێ بچنە خوێندنگەی سەرەتایی

منداڵ دەست بەخوێندن دەکات کە تەمەنی

دەبێت بە 7 ساڵ و کە بو بە 16 ساڵ خوێندن تەواو

دەکات.

منداڵ لە خوێندنگەی سەرەتایی نمرەنامە وەردەگرێت.

پلەی نمرەکانیش ئەمانەن:

دەرچوو

باشە

زۆر باشە

مامۆستاکە هەر وەرزەی بەلای کەمەوە گفتوگۆیەکی گەشەکردنی هەیە.

لەم گفتوگۆیەدا مامۆستاکە و خوێندکارەکە و دایك و باوکی خوێندکارەکە بەشدار دەبن. لێرە مامۆستاکە باسی باری خوێندنی منداڵەکە دەکات و دەڵێت چی بکرێت بۆ ئەوەی خوێندنی منداڵەکە باشتر ببێت.

**خوێندنگەی پاش ناوەندی (Gymnasieskolan)**

هەموو ئەو گەنجانەی کە خوێندنگەی سەرەتای تەواو دەکەن مافیان هەیە پلەی پاش ناوەندی بخوێنن کەماوەکەی 3 ساڵە.

ئەگەر خوێندکارەکە لە خوێندنگەی سەرەتایی نمرەی
دەرچووی نەهێنا ئەوا دەتوانێت بچێتە پرۆگرامێکی
خوێندنی پاش ناوەندی کە لەوێ خوێندنگەکە ئاگای
لەوەدەبێت کە خوێندکارەکە هەم لە خوێندنی خۆی
بەردەوام بێت و هەم نمرەی دەرچوو لە خوێندنی
سەرەتایشدا وەربگرێت.
منداڵ لە خوێندنگەی پاش ناوەندی نمرەنامە
وەردەگرێت.
پلەی نمرەکانیش ئەمانەن:
دەرنەچوو
دەرچوو
باشە
زۆر باشە
حکومەت بڕیاری لەسەر نەخشە و پلانێکی
خوێندنی داوە بۆ هەموو خوێندنگاکانی سوید.
لەم پلانی خوێندنەدا نووسراوە ئایا خوێندکار
دەبێ چەند بزانێت تا پلەی نمرەیەك وەربگرێت.

**خوێدنی پیشەیی لێوەشاوە (Kvalificerad yrkesutbildning)**

تۆ دەتوانیت پاش خوێندنی پلەی پاش ناوەندی بچیتە خوێندنێك
بۆ پیسشەیەکی لێوەشاوە ، کە کورتدەکرێتەوە بۆ ك. ئی (KY)
درێژی ماوەی ئەم جۆرە خوێندنانە لە 1 ساڵەوە بۆ 3 ساڵە.
تۆ لەو ماوەیەدا پیشەیەك فێر دەبیت
9 کەس لە کۆی 10 کەس لەوانەی ئەم جۆرە خوێندنە دەخوێنن
پاش تەواوکردن یان کاریان دەست دەکەوێت ویان کۆمپانیای خۆیان
دادەمەزرێنن.

**خوێندگە بۆ گەورەساڵان (Skolor för vuxna)**

ئەو گەورانەی کە تەمەنیان 20 ساڵی پڕ کردۆتەوە
و زانیاریان لە ئاستی پلەی سەرەتایی و پلەی پاش

ناوەندی کەمترە ئەوا دەتوانن لە خوێندگەیەك بۆ
گەورەساڵان بخوێنن.
گەورەکانیش لەوانەیە پێویستیان بێت ئەو وانانە
بخوێنن کە فریا نەکەوتوون بیخوێنن بۆ ئەوەی
بتوانن بچنە خوێندنی زانکۆ و یان خوێندگە
بەرزەکان یان بۆ ئەوەی بتوانن هەندێك لە
خوێندنی پیشەییەکان بخوێنن.

**زمانی سویدی بۆ بێگانان س. ف. ئی**
(Svenska för invandrare, SFI)

س. ف. ئی خوێندنی زمانی سویدیە بۆ ئەو گەورانەی
کە زمانی دایکیان سویدی نیە.
بۆ ئەوەی بتوانیت زمانی سویدی بخوێنیت دەبێ 16 ساڵت
پڕ کردبێتەوە و ناوت لە تۆمارگەی نیشتەجێکاندا هەبێت
لەو شارەوانیەی لێی دەژیت.
س. ف. ئی چوار خولی هەیە:
A و B و C و D.
خوێنکارەکە پاش تەواوکردنی خولێك نمرەنامەی پێبدەدرێت.
پلەی نمرەکانیش ئەمانەن:
دەرچوو G
زۆر باشە VG
س. ف. ئی سێ ڕێگای خوێندنی هەیە.
ڕێگای خوێندنی 1 بۆ ئەو کەسانەیە کە نازانن
بنووسن و بخوێندنەوە ویان بۆ ئەوانەیە کە
زۆریان نەخوێندوە.
ئەو کەسانە دەچنە خولی خوێندنی A و .B
ڕێگای خوێندنی 2 بۆ ئەو کەسانەیە کە خولی خوێندنی B و C یان هەیە.
ڕێگای خوێندنی 3 بۆ ئەو کەسانەیە کە خولی خوێندنی C و D یان هەیە.
خولی ڕێگای خوێندنی 2 و 3 خێراترە لە خولی 1.

تۆ دەتوانیت هەر لەو کاتەشدا کە پراکتیك دەکەیت زمانی سویدیش بخوێنیت.

**بڕوانامە و نمرەنامەی دەرەوەی وڵات**

**(Utländska betyg)**

ئەگەر تۆ شەهادە و بڕوانامەی وڵاتێکی ترت هەیە
ئەوا دەزگای دەوڵەتی خوێندگە باڵاکان دەتوانێت
بەراوردی بکات بە بڕوانامەی سویدی.
ئەوان تەماشای ئەوە دەکەن چەند ساڵت خوێندوە
و کام وانانەت خوێندوە و پرۆژەی کاری بڕوانامەکەت
چی بوە.
نزیکی چوار مانگ دەخایێنێت تا دەزگای دەوڵەتی
کاروباری خوێندگە باڵاکان لە بەراوردکردنی بڕوانامەکەت
دەبێتەوە بۆ ئەوەی پێت بڵێت بڕوانامەکەت بایی چەندە
لە سوید.
کە زانیان پلەی بڕوانامەکەت بایی چەندە ئەوسا ئەوان
بەڵگەنامەیەکت بۆ دەنووسن.
ئەو بەڵگەنامەیە مانای ئەوە نیە کە تۆ بڕوانامەیەکی
سویدیت وەرگرتوە. بەڵام تۆ دەتوانیت لە کاتی داواکردنی
کاردا ئەو بەڵگەنامەیە بەکار بهێنیت بۆ ئەوەی خاوەنکارەکە
بزانێت تۆ چی دەتوانیت.

**خوێندگای باڵا و زانکۆ**

**(Högskola och universitet)**

لە سوید حکومەت ئاگای لەوەیە کە
خوێندنگای باڵا و زانکۆکان هەبن.
تۆ دەتوانی لە ئاستەکانی بناغەیی،
پێشکەوتووتر و یان لە ئاستی
توێژینەوەد دا بخوێنیت،
دەزگای دەوڵەتی کاروباری خوێندنی باڵا ئەو دەزگایەیە کە
چاودێری و کونترۆڵ دەکات کە هەموو خوێندنە باڵاکان باش بن.

**زانکۆی لینشۆپپینگ (Linköpings universitet)**

زانکۆی لینشۆپپینگ 25 هەزار خوێندکار
و 500 3 کارمەند و زیاتر لە 100
پرۆگرامی خوێندنی هەیە.
تۆ دەتوانیت لە بواری تەکنیک، زانستە سروشتیەکان،
پزیشکی، چاودێری نەخۆشی، زانستی کۆمەڵگەیی،
زانستیی رەفتار، وانە مرۆڤایەتییەکان، زمان ، فەلسەفە
و مێژوو بخوێنیت.
زانکۆی لینشۆپپینگ لە دوو شاردا هەیە:
لە لینشۆپپینگو لە نۆرشۆپپینگ

**پاشکۆی ژمارە ( 2 ) ئاماری قوتابیانی کەوتوو لە خولی یەکەم**

**قوتابخانەی پاوەی بنەڕەتی کوران : ساڵی خوێندنی 2008 - 2009**

**ئەو قوتابیانەی کە لە ( 4 ) وانە کەوتوون**

| پۆل | ژ-ق-کەوتوو | ژ-ق-دەرچوو | رێژەی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| حەوتەم | 34 | 23 | %68 |
| هەشتەم | 19 | 10 | %52 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نۆیەم | 17 | 13 | ٪76 |

**ئەو قوتابیانەی کە لە ( 5 ) وانە کەوتوون**

| پۆل | ژ-ق-کەوتوو | ژ-ق-دەرچوو | رێژەی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| حەوتەم | 14 | 2 | ٪4 |
| هەشتەم | 9 | 2 | ٪22 |
| نۆیەم | 3 | 1 | ٪23 |

**ئەو قوتابیانەی کە لە ( 6 ) وانە کەوتوون**

| پۆل | ژ-ق-کەوتوو | ژ-ق-دەرچوو | رێژەی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| حەوتەم | 13 | 0 | ٪0 |
| هەشتەم | 21 | 0 | ٪0 |
| نۆیەم | 1 | 0 | ٪0 |

**ئەو قوتابیانەی کە لە ( 7) وانەو زیاتر کەوتوون**

| پۆل | ژ-ق-کەوتوو | ژ-ق-دەرچوو | رێژەی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| حەوتەم | 14 | 0 | 0٪ |
| هەشتەم | 33 | 0 | 0٪ |
| نۆیەم | 2 | 0 | 0٪ |

**قوتابخانەی رۆژەی بنەڕەتی کوران : ساڵی خوێندنی 2008 - 2009**

